Zanco Journal of Human Sciences (ZJHS)
TYPE: Original article
DOI https://doi.org/10.21271/zjhs.30.SpB.12

# له ململانێوه بۆ دەسەڵات: پەیوەندیکردنی هۆزە تورکمەنەکان بە تەریقەتی سەفەوییەوە (1453–1488)ز دا

OPEN ACCESS
*Corresponding author
Awesta Fuad Hassan
Awesta.hassan@su.edu.krd

**ئاوێستا فؤاد حسن/** بەشی مێژوو,کۆلێژی ئاداب,زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر,هەرێمی کوردستان,عێراق
**کامران محمد حاجی/** بەشی مێژوو,کۆلێژی ئاداب,زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر,هەرێمی کوردستان,عێراق

RECEIVED :04 /09/2025
ACCEPTED :04/01/ 2026
PUBLISHED :15/04/ 2026

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە لە ژێر ناونیشانی (لە ململانێوە بۆ دەسەڵات: پەیوەندیکردنی هۆزە تورکمەنەکان بە تەریقەتی سەفەوی لە ماوەی نێوان (1453–1488))ز دا، خەجت لە ماوەی ڕابەڕایەتی تەریقەتە لە لایەن هەریەک لە شێخ جونەید و شێخ حەیدەر دەکاتەوە. لەو چوارچێوەیەدا، بە درێژی باس لە ڕۆڵ و کاریزماییەتی هەریەک لەو پێشەوایانە کراوە لە چۆنیەتی کۆکردنەوەی موریدەکانیان، سەرەڕای فەرمانڕەوایەتیکردنی هەریەک لە دەوڵەتی ئاق قوینلو و قەرەقوینلوەکان وەکو دوو هێزی کاریگەر لە ناوچەکانی ئازەربایجان، هاوکات لەگەڵ بوونی دەوڵەتێکی بەهێزی وەکو عوسمانییەکان و ئوزبەکەکان وەکو دراوسێ لە ناوچەکە. لەلایەکیترەوە، تیشک خراوتە سەر چۆنیەتی بە پیرەوەچوونی هۆز و خێڵە جیاوازەکانی تورکمەن لە ناوچەکانی ئاسیای ناوەڕاست، بە دەم بانگەوازەکەی تەریقەتی بنەماڵەی سەفەوییەوە لە لایەک، و هەوڵەکانیان بۆ بە سیاسیکردنی تەریقەتەکە و پێکهێنانی سوپایەکی یەکگرتوو لە مورید و لایەنگیرانی تورکمەنەکانیان لە لایەکی تر. لە کۆتاییشدا سەرنجی سەرەکی خراوەتەسەر چۆنییەتی درووستکردنی قەوارەیەکی سیاسی بەدەر لە خانەقاکەیان لە ئەردەبیل، لە لایەن هەردوو ڕابەرەوە.

**وشە سەرەکییەکان:**
شێخ جونەید
شێخ حەیدەر
هۆزە تورکمەنەکان
قزڵباش
تەریقەتی سەفەوی

**About the Journal**
Zanco Journal of Humanity Sciences (ZJHS) is an international, multi-disciplinary, peer-reviewed, double-blind and open-access journal that enhances research in all fields of basic and applied sciences through the publication of high-quality articles that describe significant and novel works; and advance knowledge in a diversity of scientific fields. https://zancojournal.su.edu.krd/index.php/JAHS/about

## 1. پێشەکی

دەستپێک و سەرەتای بە سیاسیبوونی تەریقەتی سەفەوی لە سەردەمی شێخ جونەیدەوە (1447 –1460)ز دەستپێدەکات. ناوبراو توانیویەتی پەرە بە دەسەڵاتی بدات و بە تێپەڕبوونی کات، ژمارەی لایەنگرانی لە مورید و شوێنکەوتوانی زیاد بکات، ئەوەش لە ئەنجامی پەیوەندیکردنی هۆزە تورکمەنەکانی ئازەربایجان و ئانادۆڵ لە لایەک، لە لایەکی تر ئەنجامدانی گۆڕانکارییەکی خێرا و پێشبینی نەکراو لە تێکەڵکێشکردنی ئەو تەریقەتە بە سیاسەتەوە. بە جۆرێک کەوا لەسوفیگەرییەکی بیرمەندانەی سەردەمی شێخ سەفیەددینی ئەردەبیلی(1252–1334ز) ، تا (بیدعەی) ئاشکرا و (غلاە) لە سەردەمی شێخ حەیدەر، ڕێگایەکی دوور و درێژە کە هەریەک لە لایەنگرانی بنەماڵەی سەفەوی و تەریقەتی سەفی دەیبڕن. ڕابەرانی ئەم تەریقەتەش بە ڕۆڵبینینیان لە (سەرووی مرۆڤ بوون)یان، دەتوانن لایەنگر و پەیڕەوکەرانێکی زۆر کۆبکەنەوە، دواتر هەر ئەم لایەنگرانە وەکو سەربازێک بۆ دەستبەسەرداگرتنی ناوچەکان بەکاربێنن. لە سەردەمی شێخ حەیدەر، بە فەرمی نازناوی قزڵباش دەدرێت بەم موریدانە و دەتوانن بە سوود وەرگرتن لەو نازناوە، خۆیان وەک چاکسازیخوازی گیانەکی و کارەکتەری سیاسی لەژێر ناوی سۆفییەتی و موریدایەتی تەریقەتی سەفەوی بناسێنن.

**گرنگی توێژینەوە:** پەیوەندیکردنی هۆزە تورکمەنەکان، بە خاڵێکی گرنگی بە سیاسیبوونی بانگەوازەکەی شێخ جونەید و هەوڵدان بۆ فراوانخوازییەکانی دادەنرێت. لە لایەکی ترەوە؛ پەیوەندیکردنی ژمارەیەکی زۆری ئەندامانی هۆزەکان، بە هۆکارێکی سەرەکی دادەنرێت بۆ هەوڵە جیهادییەکانی شێخ حەیدەر و هێرشەکانی بۆ سەر ناوچە ناموسڵمانەکانی وەکو چەرکەس و دەستخستنی دەستکەوتی ماددیی لە هێرشەکانیدا.

**ئامانجی توێژینەوە:** ئامانج لە نووسینی ئەم توێژینەوەیە؛ ڕوونکردنەوەی پەیوەندیکردنی هۆزە جیاوازەکانی تورکمەن، بە تایبەت (ڕۆملو، ئیستاجلو، شاملو، تەکەلو، زولقەدر، ئەفشار، قاجار)ە، هەروەها هۆزە لاوەکییەکانی تری وەکو؛ وەرساق و چپنی بەو تەریقەتە، کە لە ناوچەکانی ئەردەبیل خاوەن تەکییەی تایبەت بە خۆیان بوون، هەروەها خوازیاری سیاسیکردن و جەنگکردن بوون بۆ دەستخستنی دەسەڵات و سەروەریی زیاتر لە ناوچەکانی عێراقی عەرەبی و عەجەم.

**ئامانجی توێژینەوە:** ئامانج لە نووسینی ئەم توێژینەوەیە؛ ڕوونکردنەوەی پەیوەندیکردنی هۆزە جیاوازەکانی تورکمەن، بە تایبەت (ڕۆملو، ئیستاجلو، شاملو، تەکەلو، زولقەدر، ئەفشار، قاجار)[1]ە، هەروەها هۆزە لاوەکییەکانی تری وەکو؛ وەرساق و چپنی بەو تەریقەتە، کە لە ناوچەکانی ئەردەبیل خاوەن تەکییەی تایبەت بە خۆیان بوون، هەروەها خوازیاری سیاسیکردن و جەنگکردن بوون بۆ دەستخستنی دەسەڵات و سەروەریی زیاتر لە ناوچەکانی عێراقی عەرەبی و عەجەم.

**میتۆدی توێژینەوە:** ئەو توێژینەوەیە پشت بە میتۆدی شیکاری زانیارییە مێژووییەکان دەبەستێت، دواتر بەراوردکردنی زانیاریی سەرچاوە ڕەسەنەکان و هەڵسەنگاندنیان بە بەکارهێنانی ژێدەری پەیوەست بە بابەتەکە.

**پرسیاری سەرەکی توێژینەوە:** ئەو توێژینەوەیە هەوڵدانێکە بۆ وەڵامدانەوەی هۆکاری پەیوەندیکردنی هۆزە تورکمەنەکانی ناوچەی ئەنادۆڵ بە بانگەوازەکەی ڕابەرانی تەریقەتی سەفەوی؟ بەوەی ئایا پەیوەندیکردنی ئەم هۆزانە، تا چەند کاریگەری هەبووە لە پێکهێنانی قەوارەی سیاسیی سەفەوییەکان؟.

**سنووری توێژینەوە:** ئەو توێژینەوەیە ماوەی نێوان ساڵانی 1453 تاکو 1488ز دەگرێتەوە. بە هۆکاری ناڕوونی و نادیاریی ساڵی بە ڕابەربوونی شێخ جونەید، هەروەها هاوسەردەم بوونی شێخ جونەید و ئۆزون حەسەنی فەرمانڕەوای ئاق قوینلو، ساڵی فەرمانڕەوایەتی ئۆزون حەسەن وەکو ساڵی دەستپێکی توێژینەوەکە دیاریکراوە.

گرنگترین ئەو سەرچاوانەی لەم توێژینەوەیەدا سوودیان لێ بینراوە، دەکرێت ئاماژە بە: سەرچاوە کۆنەکانی فارسی وەکو (احسن التواریخ) لە نووسینی حسن بیگ روملو، (تاریخ عالم ارای عباسی) لە نووسینی ترکمان بیگ روملو بکەین، کە هەردووکیان سەر بە هۆزەکانی قزڵباش بوونە. لە لایەکی تر سەرچاوەکانی وەکو (فضل الله روزبهان خنجی اصفهانی، تاریخ عالم ارای امینی) و (میشل م. مزاوی، پیدایش دولت صفوی) لە وەرگێرانی یعقوب آژند، لەگەڵ ژمارەیەکی تر لە سەرچاوەی ڕەسەن، کە بە زمانی فارسی و تورکی نووسراون.

**پێکهاتەی توێژینەوە:** لەم توێژینەوەیەدا تیشک خراوەتە سەر پێشەکی و چوار تەوەری سەرەکی و دەرئەنجام و لیستی سەرچاوەکان. تەوەری یەکەم؛ باس لە چۆنییەتی پەیوەندیکردنی هەر یەک لە هۆزە تورکمەنەکان بە تەریقەتی سەفەوییەوە دەکات. تەوەری دووەم؛ باس لە گرنگترین ئەو هۆکارانە دەکات کە وای لە هۆزە جیاوازەکانی تورکزمان کردووە، پەیوەندی بە بانگەوازەکەی شێخ جونەید، دواتر شێخ حەیدەرەوە بکەن. لە تەوەری سێیەمدا؛ تیشک خراوەتە سەر چۆنییەتی درووستکردنی سوپایەکی یەکگرتوو و جەنگاوەر لە موریدەکان و لایەنگیرانی خانەقای سەفەوی، لە کاتێکدا پێشتر ئەم هۆزانە تەنها بە مەبەستی سەردانیکردنی خانەقا و لایەنی مەزهەبی لایەنگیریان لە تەریقەتی سەفەوی کردووە، بەڵام لە سەردەمی پێشەوایەتی جونەید و حەیدەر گۆڕانکاری بەسەر بیروباوەڕ و هۆکاری پەیوەندیکردنی موریدەکانیان دێنێت. لە کۆتا تەوەردا ئاماژە بە چارەنووسی موریدەکان کراوە لە دوای کۆژرانی شێخ حەیدەر و چۆنیەتیی پەرتەوازەبوونیان بۆ ناوچەکانی ئاسیای ناوەڕاست.

## 2. پەیوەندیکردنی هۆزە تورکمەنەکان بە هەردوو شێخەوە ( جونەید و حەیدەر)

دەستپێکی پێشەوایەتیکردنی شێخ سەفیدینی ئەردەبیلی(1252–1334ز) بە سەرەتایەک بۆ سەرهەڵدانی ئەم تەریقەتە لە ناوچەی ئەردەبیل دادەنرێت، کە بە درێژایی ماوەی ڕابەرایەتی کردنی سەرکەوتوو دەبێ لە زیادکردنی ژمارەی سەردانکەر و موریدەکانی، ئەم ڕێوڕەسمە وەکو نەریتێکی باو بۆ نەوەکانی دوایخۆی دەگوازێتەوە، بە جۆرێک کەوا بە مردنی شێخ شێخ سەفیەددین و بە ڕابەربوونی خواجە سەدرەدین موسای کوڕی، لە ڕێگەی بنیاتنانی ئارامگایەک بۆ شێخ سەفیددینی باوکی و بە ڕووگە کردنی ئارامگاکە بۆ لایەنگیرانی تەریقەتی سەفەوی لە لایەک و دروستکردنی هەلومەرجێکی گونجاو بۆ خەڵک، بە مەبەستی نزا و پاڕانەوە سەردانی مەزارەکەی بکەن. کارێکی تری ناوبراو لە بەناوبانگکردنی تەریقەتی سەفەوی لە ناوچەکەدا دابنرێت (کامرانی فر،1387: 43–44). لە دوای مردنی خواجە سەدرەدین و ڕادەستکرانی ڕابەرایەتی بۆ خواجە عەلی کوڕی (ف:1391–1427ز)، کە ناسراوە بە (ڕەشپۆش)، لە ماوەی ڕابەرایەتیکردنیدا لە بەیەکەوەگرێدانی سۆفیگەری و شیعەگەری , و کاریگەری ناوبراو لە پێەوە لکاندنی مورکێکی شیعەگەری و جێگیرکردنی بناغەی دامەزراوەیەک لە ناوچەکەدا سەرکەوتوو دەبێت، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ کاریگەری ڕۆحی و مەعنەوی ناوبراو، کە دەتوانێت ژمارەی لایەنگیرانی زیاد بکات بە داواکردنی ئازادکردنی دیلەکانی بندەستی ئەمیر تەیمور و بەناوبانگبوونیان بە (سۆفییەکانی ڕوملو) (Matthee, 2022: 22–23). ئەوەی پەیوەستە بە ڕابەرایەتیکردنی تەریقەتەوە لەسەردەمی خواجە عەلیدا، بە جۆرێک هەر لە ڕەشپۆشی و ئازادکردنی دیلەکانەوە، ناوبراو سەرکەوتوو دەبێت لە ڕەونەقدان بە تەسەوف لە ناوچەکانی ئازەربایجان و بە دەستهێنانی لایەنگیری تەیموری لەنگ ناسراو بە (ئەمیر تەیموری گورگانی)(مردن:1405ز)[2]، بەتایبەت ئەم سەردەمە لە ئێران (سەردەمی دەسەڵاتداری تەیمورییەکان) سەردەمی بوژانەوەی تەریقەت و تەسەوف و کۆکردنەوە و بە دەستخستنی لایەنگرێکی زۆر دادەنرێت. بە شێوەیەک وەکو دەگوترێ پێکهاتەی سەفەوییەکان سەرەکەی لە ئەردەبیل و جەستەی لە ئەنادۆڵ جێگیر دەبێت (Yıldırım, 2008: 161–162). بە مردنی خواجە عەلی و شوێنگرتنی لە لایەن سوڵتان ئیبراهیم کوڕی (ف:1427–1447ز) بۆ ماوەی نۆزدە ساڵ، وەکو پێشەوای تەریقەتی شێخ سەفیەددین لە ئەردەبیل. هۆکارێکە بۆ ئاراستە بوونی چالاکییەکانی تەکیەکەیان، لە چالاکیی مەزهەبییەوە بەرەو چالاکیی سیاسی، و دروستکردنی تۆڕێک بە مەبەستی پاراستن و بەرەوپێشبردنی بانگەشەی تەریقەتی سەفەوی لە ئەردەبیل پێک بهێنێت (سەیڤۆری، 2018 : 33). تایبەتمەندییەکی گرنگ لە پێشەوایەتیکردنی کردنی تەریقەتەکە لە سەردەمی شێخ جونەید (ف:1447–1460) دەکرێت ئاماژە بە بوژانەوە و پەرەسەندنی ئەم تەریقەتە بکەین. بە تایبەت ناوبراو خوازیاری دەسەڵاتی دونیاییە و نازناوی (سوڵتان) و (سوڵتان ئەلمەشایخ) بۆ خۆی هەڵدەبژێرێت لە جیاتی نازناوی شێخ، بە جۆرێک کەوا هەڵگرتنی ئەم نازناوە نیشاندەری هێز و دەسەڵاتی دونیاییە، هەروەها ئاماژەیەکە بۆ وەرگرتنی پۆستی پێشەوایەتی و ڕازینەبوونی ناوبراو بە پلەی مەعنەوی و ڕابەری تەریقەتێک لە ناوچەکانی ئەردەبیل (مزاوی، 1388: 151 ؛ ترکمان،1387: 19)، بە جۆرێک کەوا ناوبراو سەرکەوتوو دەبێت لە ڕاکێشانی مورید و لایەنگیرانی شێخ بەدرەدینی بەکتاشی، کە بۆ ماوەی بیست و حەوت ساڵ

بەبێ ڕابەر بوون، بۆیە دەست بە سەردانکردنی تەکیەی شێخ سەفی دەکەن (خنجی، بی سال: 43).
شێخ جونەید لە ماوەی مانەوەی لە ناوچەکانی ئەسکەندەرونە و ئەنادۆڵ، بە تەواوی دەکەوێتە ژێر کاریگەری بیروباوەڕی بەکتاشییەکان[3] (سەیڤۆری، 2018: 34)، دواتر دەبێتە تاکە پێشەوای بەکتاشییەکانی ئەنادۆڵ. بە شێوەیەک کەوا نووسەری "تاریخ عالم آرای امینی" ئاماژە بەوە دەکات: "جێگای داخە شێخ سەفی خۆی لە هەموو لایەنە حەرامەکان پاراستووە، بەڵام ئەمەی فێری منداڵەکانی نەکردووە بۆ ئەوەی تێکەڵ بە مەسەلەی دونیایی نەبن، لە ئەنجامدا منداڵەکانی بۆ دەستخستنی تاج و تەخت دەستیان بۆ هەموو کارێک بردووە" (خنجی اصفهانی، 1382: 258-259)، بە شێوەیەک کەوا وەختێک دەسەڵاتداریێتی تەکیەی شێخ سەفی کە دەگاتە دەست جونەید، گۆڕانکاری لە شێوازی ژیانی باوک وباپیرانی دەکات. ئەم گۆڕانکارییە دەبێتە سەرەتایەک بۆ سەرهەڵدانی دەوڵەتی سەفەوی و خۆی لە دوو لایەنی گرنگدا دەبینێتەوە، یەکەمیان گۆڕانکاری مەزهەبی، دووەمیان گۆڕانکاری لە تاکتیک و مەیلی سیاسی، بەوەی دەتوانێت لە ڕێگەی هاوسەرگیری سیاسییەوە لەگەڵ خێزانی (بایندر)[4]دا، تەریقەتەکەی وەکو تەریقەتێکی سەربازی ڕێک بخات. ئەمە لە کاتێکدایە ئەم کارەی مایەی دروستبوونی نیگەرانی و کاڵبوونەوەی پەیوەندی دەبێت لەگەڵ شێخ جەعفەری مامیدا (زاهدی، 1343: 49-50 ؛ روملو، 1389: 601 ) لێرە بەدواوە شێخ جونەید لە ژێر کاریگەری مورێدە تاتارە تورکەکانیدا، دەست بە ئاخاوتن بە زاراوەی تورکی دەکات، کە مەبەست لێی زیاتر وابەستەبوونی مورێدەکانیەتی بە مورشیدەکەیانەوە، لەلایەکی ترەوە خاڵی لێکتێگەیشتن و کۆکردنەوەی مورێدەکانە (ثابتیان، 1343: 55-56).
دژایەتی و نیگەرانیی جەهانشای قەرەقوینلو(ف: 1438-1467ز)، کە ئەو کات فەرمانڕەوای ئازەربایجان، عێراقی عەرەب، عێراقی عەجەم و فارس بوو، کە مەبەست لێی دامەزراندنی دام و دەزگایەکی بەهێز و پتەو بووە بە پشت بەستن بە لایەنگیر و موریدانی تەریقەتەکەی لە لایەک ولە لایەکی تر بە پشتبەستن بە عەشیرەتە تورکمەنەکان و هاندانیان بە هێرشکردنە سەر ناوچە ناموسڵمانەکان بە مەبەستی ئەنجامدانی (غەزا)، توانییان لایەنگرێکی زۆر کۆ بکەنەوە. کۆکردنەوەی ئەم هێزە، نیگەرانی و نائارامی لە لایەن فەرمانڕەواکانی ناوچەکەوە دروست کردووە، بەتایبەت فەرمانڕەوای قەرەقوینلووەکان. هەر بۆیەش جەهانشا لە نامەیەکدا، بە زمانێکی توندی هەڕەشەئامێز، داوای بەجێهێشتنی ئەردەبیلی لێ کردووە، تەنانەت هەڕەشەی هێرشکردن و ئەنجامدانی تالانی لە تەبرێزی لێ دەکات (خواندمیر، 1380: 425 ؛ قزوینی، 1343: 261 ؛ عبدالطیف قزوینی،1386 : 269).
شێخ جونەید بە ناچاری ئەردەبیل بەجێ دەهێڵێت و داواکارییەک ئاراستەی سوڵتان مورادی دووەمی عوسمانی دەکات، پارچە زەوییەک، کە شوێنی نیشتەجێبوونی بنەماڵەی قەرامانییەکانە (کە مەیلی مەزهەبی شیعەیان هەیە پێ ببەخشێت، بەڵام سوڵتانی عوسمانی ڕازی نابێت و شێخ جونەید ڕوو دەکاتە سوریا (نوایی،1386 : 46-48 ؛ امینی هروی، 1390: 37). ئەگەر وردتر لە بابەتی بەجێهێشتنی خانەقای ئەردەبیل و کۆچکردنی جونەید بکۆڵینەوە، دەبێت ئاماژە بە چەند خاڵێک بکەین لە ئەگەری ئەم کارەی ناوبراو. یەکەمیان: بێدەسەڵاتی و بێهێزی بەرامبەر بە شێخ جەعفەری مامی[5]، کە پشتگیری جەهانشای بەدەستهێنابوو (سومر، 1380: 224 ؛ جنابدی، 1378: 92). دووەمیان: کەسایەتی دەسەڵاتخوازیی جونەید، بە بوونی بە پێشەوای تەریقەتەکە لەلایەک و، لەلایەکی تریشەوە لە مەیدانی سیاسیی سەردەم لە هەوڵی ڕکابەری و فراوانخوازیکردن بووە بە ناوی جیهادەوە، ئەو لایەنەش کە یارمەتیدەر و پاڵپشتی بوو، هاوسەرگیرییە سیاسییەکەیەتی. سێیەم: پێویستە وا سەیری بابەتەکە بکرێت کە جەهانشا لەوکاتەدا ڕووبەڕووی هیچ مەترسییەک یاخود کێشەیەک نەبووەتەوە، تەنانەت جونەید دەسەڵاتداری شاری ئەردەبیل نەبووە کە داوای لێ بکات دەستی لێ هەڵگرێت، دەتوانین بڵێین بەجێهێشتنی ئەردەبیل لە لایەن جونەید بۆ دڵڕەنجانی و توڕەبوون لە مامی، واتە شێخ جەعفەر بووبێت کە پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ جەهانشادا هەبووە، بە پێچەوانەی خۆیەوە (خواندمیر، 1380: 428). هەموو ئەمانە هۆکاربوون حەیدەر ڕوو بکاتە سوریا، بەڵام ناتوانێت ماوەیەکی درێژخایەن لە سوریا بمێنێتەوە، لە ئەنجامی دژایەتیکردنی فەرمانڕەوای حەلەب، لە ناوچەکانی ئەسکەندەرونە دەردەکرێت، بە جۆرێک کەوا شێخ جونەید لە ناوچە چیاییەکانی ئەرسوس لە نزیک کەنداوی ئەسکەندەرونە جێگیر دەبێت و دەست بە بانگهێشتکردن و کۆکردنەوەی مورید و لایەنگری زیاتر لە ئەنادۆڵ و ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی عوسمانی دەکات، کە مەبەست لێی

درووستکردنی سوپایەک بووە لە لایەنگرانی، بەڵام ئەم هەوڵەشی لە ناوچەکە بە ناکامی دەمێنێتەوە و دیسان لەلایەن شێخ و خەڵکی ناوچەکەوە دژایەتی دەکرا و سکاڵای دژایەتی خۆیان بە فەرمانڕەوای مەملوکی دەگەیەنن. لەم دۆخەدا جونەید ڕوو دەکاتە ناوچەی جانیق کە لەژێر دەسەڵاتی عوسمانییەکاندا بوو (نوایی، 1386: 48).

ئەمجارە بەهۆی ڕاگەیاندنی جیهاد یاخود غەزاوە، لە دژی ناوچە ناموسڵمانەکان کەمتر ڕووبەڕووی گرفتی دەرکردن دەبێتەوە لەلایەن فەرمانڕەواکان، تەنانەت سەرکەوتوو دەبێت لە کۆکردنەوەی مورید و لایەنگری زیاتر لە تورکمەنەکان و خۆئامادەکردن و هێرشکردنە سەر ناوچەکانی تەرابزونی مەڵبەندی ئیمپراتۆرییەتی بیزەنتی، کە دواتر دەبێتە بەشێک لە ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی، لە ئەنجامی فراوانخوازییەکانی سوڵتان محەمەدەوە لە ساڵی 1461ز دا، بەڵام ئەنجامێکی ئەوتۆی نابێت. بۆیە ئاراستەی فراوانخوازییەکانی خۆی بۆ ناوچەکانی قەوقاز دەگۆڕێت. شێخ سوود لە دوژمنایەتی نێوان جەهانشای قەرەقوینلو و ئوزون حەسەن وەردەگرێت، بە جۆرێک کەوا لە ئەنجامی بانگهێشتی ئوزون حەسەنەوە (1444-1478ز) دەتوانێت بۆ ماوەیەک مەڵبەندی چالاکییەکانی بگوازێتەوە بۆ دیاربەکر، کە بۆ ماوەی سێ ساڵ میوانداری دەکرێت و پەیوەندی ژن و ژنخوازی لە نێوانیان دروست دەبێت لە شێوەی هاوسەرگیری خوشکی ئوزون حەسەن (خەدیجە بێگم) لەگەڵ شێخ جونەید (زاهدی، 1343: 67 ؛ جعفریان، 1396: 92 ؛ Karakulak, 2024: 32).

گرنگترین تایبەتمەندی ئەم هاوسەرگیرییە بۆ شێخ جونەید، بریتی بوو لە زیاتر کرانەوەی دەستی و گۆڕانی لە سەرکردەیەکی ڕۆحانییەوە بۆ سەرکردەیەک کەوا هەوڵی بەدەستخستنی پۆستی سیاسیی دەدات. دروستکردنی ئەو پەیوەندییە لەگەڵ بنەماڵەیەکی دەسەڵاتدار و بوونی پێشینەی ڕۆحانی، خاڵێکی یارمەتیدەر بوون بۆ کۆکردنەوەی مورید و لایەنگرانی زیاتر لە عەشیرەتە تورکمەنەکان. ئەمەش مایەی دڵگەرمی جونەید و نیگەرانی جەهانشایە لەم خزمایەتییە، بۆیەش دەست بە کۆکردنەوەی سوپا دەکات لە دژی. ئیتر لێرە بەدواوە وەکو نەریتێک بۆ سەفەوییەکان، هەرکات بەنیازی دەستدرێژکردن و تاڵانکردن بوونە، دەستەواژەی (غەزا) و (جیهاد)یان لە دژی چەرکەس و گورجییەکان بەکار هێناوە (نوایی، 1386: 49). بە واتایەک دەستەواژەی (غەزا) لە سەردەمی شێخ جونەید، بۆ کۆنترۆڵکردن و ئەنجامدانی چالاکییەکانیان لە ناوچەکانی ئازەربایجان بووە لە دژی گورجییە مەسیحییەکان، بەڵام میشێل م. مەزاوی ئاماژە بەوە دەکات، کە "ئەنجامدانی غەزا لە ڕۆژگاری سەرەتای دامەزراندنی تەریقەتەکەدا، ڕووداوێکی سەرەتاییە و بەبێ هیچ مەبەست یاخود پلانی پێشوەخت بووە، چونکە ڕابەرەکانی تەریقەی ئەردەبیلی لە تەکیە، ژیانێکی بیرمەندانە، پارێزکارانە و گۆشەگیرانەیان هەبووە"، بەڵام ئەم شێوازەی غەزایە لە سەردەمی شێخ جونەید و حەیدەر بۆ سیاسەتی دەوڵەت لە چوارچێوەی فراوانخوازی و کاری هەمیشەیی تەریقەتەکە و پێشەواکانی بەکاردێت" (مزاوی، 1388: 153).

ئەوەی جێگای باس و هەڵوەستە لەسەرکردنە، سەرەتای دەرکەوتنی ئەم تەریقەتە، وەکو تەریقەتێکی خواپەرستی و دووربوون لە ژیانی دنیایی بووە. بە واتایەک، کۆبوونەوە و گردبوونەوەی موریدان بووە لە چوارچێوەی تەکیەی شێخ سەفیەددین بە مەبەستی ئەنجامدانی کاری خواپەرستی و خۆگۆشەگیرکردن، بەڵام ئەوەی لە سەردەمی شێخ جونەید ڕوو دەدات وەکو پێشەوای تەریقەتی سەفەوی، بە کەسیکردنی کێشەکان و قۆستنەوەی ناکۆکیی هێزە سیاسییەکانە، لە ناوچەکانی ئازەربایجان و بەکارهێنانی موریدەکانی تەکیەکەی (تورکمەنەکان) بۆ ئەنجامدانی چالاکیی سیاسی بە ناوی غەزاکردن و پاککردنەوەی ناوچەکان لە مەسیحییەکان بووە (القمی، 1382: 37-38).

هەوڵەکانی شێخ جونەید بۆ بەدەستخستنی لایەنگر و موریدی زیاتر لە هۆزە تورکمەنەکان لەلایەک و هەوڵەکانی هێرشکردنی بۆ چەرکەستان کە ناوچەیەکی مەسیحینشین بوو لەلایەکی ترەوە، وایکرد ئوزون حەسەن بە فراوانبوونی دەسەڵاتی جونەید هەست بە مەترسی بکات. بۆیە ڕەزامەندی نیشاندا لە کاتی داواکردنی ئیزن بۆ هێرشکردنە سەر چەرکەسەکان (خنجی، بی سال: 49). ئوزون حەسەن پێیوابوو، جونەید لەکاتی ئەنجامدانی غەزا و دواتر لە ئەنجامی تێپەڕبوون لەناو خاکی فەرمانڕەوای جەهانشا، بەهۆی چاوتێبڕینی بۆ خاکی جەهانشا هۆکارێکە بۆ لاوازبوونی هەژموونی لە ناوچەکەدا، بە شێوەیەک کەوا، لاوازبوونی حەیدەر واتە کاڵبوونەوەی ڕۆڵی سیاسی و کەمبوونەوەی ژمارەی لایەنگرانی، چ لە ئەنجامی بەشداریکردنیان لە شەڕ و کوژرانیان، چ بەهۆی پەیوەندینەکردنی هۆزە تورکمەنەکانەوە، هەموو ئەمانە بەسەر یەکەوە ئیتر دەسەڵاتە بە سیاسی کراوەکەی حەیدەر لە چوارچێوەی تەریقەتێک

وەکو تەریقەتەکانی تر دەبێت و گەشە ناکات، بەڵام ڕووداوە سیاسییەکان و هەنگاوەکانی جونەید پێچەوانەی بۆچۆنەکانی ئۆزون حەسەن دەبێت.

لەساڵی 1459ز دا شێخ جونەید، بە ئامادەباشیی سوپایەکی پڕچەک لە قزڵباشەکان، بە مەبەستی دەستگرتن بەسەرناوچەکان ڕوو لە ناوچەکانی باکوور، بە تایبەتی تەبەرستان[6] دەکات (معین،1391: 1078 ـ 1079)، وەکو چۆن ئۆزون حەسەن بەر لە ساڵێک ڕووی لە گورجستان کردبوو و توانیبووی تاڵانی لە ناوچەکەدا بکات، شێخ جونەیدیش بە هەمان ئامانج بە ناوچەی دەسەڵاتداری شەروانشادا تێپەڕ دەبێت. لە کاتێکدا بەشێک لە سەرچاوەکانی لایەنگری بنەماڵەی سەفەوی، نیازی ناوبراو تەنیا بە تێپەڕبوونی بە خاکی شەرواندا بۆ گەیشتنی بە گورجستان دەزانن، بەڵام بەشێکی تری سەرچاوەکان پێیان وا بووە بەم کارە نیازی ئەوەی هەبووە هێرش بکاتە سەر شەروانشا و ناوچەکە وەکو ناوەندێک بۆ کۆکردنەوەی سوپاکەی بەکار بهێنێت (روملو، 1389: 603 ؛ سەیڤۆری، 2018: 36 ؛ جنابدی، 1378: 100–103 ؛ هینتس، 1936: 51).

پەڕینەوەی سوپای شێخ جونەید لە ڕووباری ئاراس لەگەڵ قزڵباشەکاندا، بۆ دەستگرتن بەسەر ناوچەکانی قەوقاز و پاککردنەوەی لە گەلە ناموسڵمانەکان (لە سەرچاوە فارسییەکان دەستەواژەی کافریان بۆ گەلانی غەیرە موسڵمان بەکارهێناوە)، وادەکات ناوبراو لە ناوچەی دەسەڵاتداری خەلیل کوڕی ئیبراهیم شەروانشا (مردن:1465) تێپەڕ ببێت و لە15ی ئاداری 1460 شەڕێک لە نێوانیاندا ڕوو بدات (روملو، 1389: 603 ؛ شاملو، 1371: 31)، لەم جەنگەدا، سوپای قزڵباشەکان شکست دێنن و شێخ جونەید لەلایەن یەکێک لە شەڕکەرەکانی دوژمنەوە بە تیرێک دەکوژرێت. دوای مانگێک لە کوژرانی ناوبراو، لە ساڵی 1460دا، لە خەدیجە بیگمی خێزانی، کوڕێک بە ناوی حەیدەر لە دیاربەکر لە دایک دەبێت (شاملو، 1371: 30–31)، ئۆزون حەسەنی خاڵی ئەرکی پەروەردەکردنی حەیدەر دەگرێتە ئەستۆ و ساڵانێک دواتر لە شەڕێکیدا لەگەڵ قەرەقوینلووەکان، ئۆزون حەسەن سەرکەوتوو دەبێت لە بە پایتەختکردنی تەورێز لە جیاتی دیاربەکر، بەم هۆیەشەوە شێخ حەیدەری نۆ ساڵان وەکو جێنشینی باوکی ڕەوانەی ئەردەبیل دەکرێت (خواندمیر، 1362: 432 ؛ هینتس، 1936: 53–54).

لێرەدا پێویستە ئاماژە بە بۆچوونی ئۆزون حەسەن سەبارەت بە پێشەواکردن و بەشێخکردنی خوشکەزاکەی بدرێت. ناوبراو بۆ قۆستنەوەی بارودۆخەکە، وەکو مورید لایەنگرەکانی، گوایە ڕۆشنایی ئیلاهی لە نێوچەوانی ئەم منداڵە ساوایەدا بینیوە، هۆکارەکەشی بۆ پەروەردەکردنی حەیدەر لە لایەن خۆی و بەهێزکردنی دەسەڵاتی بەهۆی ڕاکێشانی موریدەکانی لایەنگری بۆ قەڵەمڕەوی دەسەڵاتی و بەهێزکردنی لایەنی سیاسی و سەربازی دەگەڕێتەوە. وەکو لە کتێبی "سلسلة النسب صفویە"دا هاتووە؛ ئۆزون حەسەن خۆشەویستییەکی تایبەتی بۆ حەیدەر هەبووە، هەر بۆ ئەم مەبەستە کچەکەی خۆی بە ناوی بەگی ئاغا لە حەیدەری خوشکەزای مارە دەکات (زاهدی،1343 : 68).

بە سەرکەوتنی ئۆزون حەسەن لە شەڕێکدا بەرامبەر جەهانشا لە 1467–1468زدا، بە بەشداریی موریدانی شێخ جونەید، بە مەبەستی تۆڵەکردنەوەی خوێنی پێشەواکەیان، جەهانشا دەکوژرێت، کۆتایی بە دەسەڵاتی قەرەقوینلووەکان دێت و هاوکێشەی سیاسیی ناوچەکە گۆڕانی بەسەردا دێت. ئیتر ئۆزون حەسەن وەکو تاکە دەسەڵاتداری ناوچەکە بەدەردەکەوێت و لە بەرامبەر بەشداربوونی موریدەکانی جونەید، حەیدەری نۆ ساڵان دەبێتە پێشەوای خانەقای شێخ سەفی لە ئەردەبیل (ناشناختە، 1384 : 25–56). ئەم کارەی ئۆزون حەسەن بە سەرەتایەک دادەنرێت بۆ شەرعییەتدان بە شێخ حەیدەر و بەفەرمی ناساندنی وەکو پێشەوای تەریقەتی سەفەوی. ئیتر لێرە بەدواوە شێخ جەعفەری مامی شێخ جونەید، لە ئەنجامی نەمانی جەهانشای هاوپەیمانی، بە ناچاری پێشوازی لە حەیدەر دەکات. بەشێک لە سەرچاوەکان ئاماژە بەوە دەکەن، لە دوای دەرچوونی ئۆزون حەسەن لە ئەردەبیل و چوونی بۆ تەورێزی پایتەخت، ئەرکی پەروەردەکردنی حەیدەر دەکەوێتە ئەستۆی شێخ جەعفەری مامی باوکی. حەیدەر لە ژێر پەروەردەیەکی سەختگیرانەدا دەبێت و ناچار بە فێربوونی هونەری ئەستێرەناسی دەکرێت، بەڵام بە مردنی ناوبراو حەیدەر ئەم جارە لەلایەن خەلیفە وەفادارە قزڵباشەکانەوە پەروەردە دەکرێت، ئەم خەلیفانە ئەرکی پێگەیاندنی حەیدەر دوور لە چاوی ئۆزون حەسەن دەگرنە ئەستۆی خۆیان (هینتس، 1936: 86–87 ؛ شادی،1399: 119). بە واتایەکی تر، ئۆزون حەسەن پێی وابوو؛

حەیدەر لەسەر مەزهەب و بیروباوەڕی ئەوە. هەر بە مەبەستی زیاتر نزیککردنەوەی لە خۆی، مارتای کچی لە خێزانە مەسیحییە تەرابزۆنییەکەی لە حەیدەر مارە دەکات (روملو، 1389: 869 ؛ هروی، 1390: 369)، لە کاتێکدا بەشێک لە سەرچاوەکانی سەفەوی ئاماژە بۆ خۆشەویستی ئوزون حەسەن بۆ خوارزاکەی دەکەن و تەنانەت پێیان وابووە، ڕووبەڕووبوونەوەی جەهانشا و کردنی بە ڕابەری تەکیەی ئەردەبیل، بە مەبەستی تۆڵەکردنەوەی خوێنی شێخ جونەید بووە. ئەگەر وا سەیری بابەتەکە بکەین، ئوزون حەسەن ئەم کارەی وەکو وەڵامێک بۆ خۆشەویستی بەرامبەر بە حەیدەر بووە، ئەی بۆچی لە دوای کۆنترۆڵکردنی تەورێز، ئەرکی پەروەردەکردن و بەڕێوەبردنی حەیدەر بۆ شێخ جەعفەری مامی باوکی بەجێ دەهێڵدرێت کە مێژوویەکی دووروودرێژی لە دژایەتی لەگەڵ جونەیدی باوکیدا هەبووە. دەکرێت ئەم کارەی وەکو کاردانەوەیەک بووبێت لەبەرامبەر هەوڵەکانی حەیدەر کە وەکو باوکی لە هەوڵی تێکەڵکردنی دەسەڵاتی مەزهەبی و هێزی مەعنەویدا بووە، لەسەرووی ئەمانەشەوە موریدەکانی، بە مەبەستی چەکدارکردنیان و بەکارهێنانیان وەکو هێزێکی سەربازی کۆ کردووەتەوە و یەکخستووە (سەیڤوری، 2018: 36 ؛ هینتس، 1936: 90). دەکرێت ئەو کارەی ئوزون حەسەن، لە چوارچێوەی فراوانخوازیکردنێک لەژێر ناوی گەڕاندنەوەی تەورێز بۆ حەیدەر لێکبدرێتەوە. لە لایەکی ترەوە، هاوسەرگیری کردنی لەگەڵ کچە مەسیحییەکەی تاکو کۆتایی تەمەنی، بە نییەتی سنووردارکردن و گۆشەگیرکردنی حەیدەر بووە، کە ئەو هەوڵەی بۆ ناچێتە سەر و حەیدەر بەردەوامدەبێت لەسەر فراوانکردنی دەسەڵاتەکەی لە ژێر ناوی غەزا.

بە مردنی ئوزون حەسەن لە کانوونی دووەمی 1478ز دا، لە دوای ململانێیەکی زۆر لەسەر جێنشینی، یەعقوبی کوڕی دەتوانێ ببێتە جێنشینی باوکی (خنجی اصفهانی، 1382: 155-159). ناوبراو بەهۆی لایەنگریکردنی ئەدەب و گرنگیدانی بە فارسی، پەیڕەوکردنی سیاسەتی ئاشتیخوازانەی بەرامبەر بە دراوسێیەکانی (عوسمانی لە ناوچەکانی ئەنادۆڵ (دەوڵەتی مەملوکی لە شام) و گرنگیدانی بە بوژانەوەی بازرگانی و هەوڵەکانی بۆ پارێزگاریکردن لە ڕێگاوبانە بازرگانییەکان لەلایەک و(یابە، 2024، 48)، گرنگیدانی بە قوتابخانەکان لەلایەکی ترەوە، هۆکار بوو بۆ ئەوەی ڕۆڵی خانەقاکان لاواز بێت، بە تایبەت خانەقای شێخ سەفیەدینی ئەردەبیلی بە پێشەوای شێخ حەیدەر (خنجی، بی سال: 53-55). سوڵتان یەعقوب جێگیربوون و پڕچەککردنی موریدەکانی تەکیەی سەفەوی لە سنووری دەسەڵاتداری خۆی بە مەترسییەکی گەورە دەزانی (سەیڤۆری، 2018: 38). پڕچەککردنی سوپاکەی حەیدەر و کۆکردنەوەی موریدەکانی لە تەکیەی سەفەوی، وەکو زەنگێکی مەترسیدار بووە بۆ ئاققوینلووەکان لەلایەک و هەوڵەکانی ناوبراو بۆ هێرشکردنە سەر فەروخ یەسار شەروانشا، بە بیانووی جیهادکردن لەلایەکی ترەوە (مزاوی، 1388: 38).

شایانی باسە، حسن بیگ روملو لە "احسن التواریخ"دا ئاماژە بە دژایەتی و دوژمنداری سوڵتان یەعقوب بۆ شێخ حەیدەر بەهۆی نزیکی لە باوکییەوە دەکات. بۆیەش بە مردنی ئوزون حەسەن، سوڵتان یەعقوب فەرمانی قەدەغەکردنی لەسەرنانی تاجی قزڵباشەکان دەردەکات و حەیدەریش دەستبەجێ بە بیستنی ئەم هەواڵە ڕوو لە ناوچەی شەروان دەکات (روملو، 1389: 26-27).

### 3. هۆکاری پەیوەندیکردنی قزڵباشەکان بە تەریقەتی سەفەوییەوە:

پەیوەندیکردنی قزڵباشەکان بە بنەماڵەی شێخ سەفیەددین و پێکهێنانی سوپایەک، کۆمەڵە هۆکارێکی لە پشتەوە بووە، هۆکارە سیاسییەکان بریتین لە: پەیڕەوکردنی سیاسەتی جێگیرکردنی دەسەڵات و سەپاندنی باج و سەرانە بەسەر دانیشتوانە کۆچەرەکانی ئانادۆڵ لە لایەن سوڵتان محەمەد فاتیحەوە (ف: 1451-1481ز) (Shahr, 1997: 4). هەر لە ئەنجامی کوتاییهێنانیان بە دەسەڵاتی سەلجوقییەکان، ئەرکێکی سەرەکی دەگێڕن لە کاڵکردنەوەی ڕۆڵی هۆزی تەکەلو لەلایەک و هۆزەکانی تری وەکو شاملو و قاجار و ورساق لەلایەکی ترەوە، کە زیاتر پەیوەندیی بە لایەنی ئایینی و بروایان بە مەهدەوییەت و گەڕانەوەی خوا بۆ جەستەی مرۆڤ و حەزی لە ڕادەبەدەری ئەم هۆزانە بۆ جەنگکردن، هەبووە (طاهری، 1394: 149 ؛ اجاق، 1385: 179). دەکرێت بە خاڵ ئاماژە بە چەند هۆکارێکی تر بۆ ئەو کۆچکردنە بەلێشاوەی هۆزە تورکمانەکان بکەین، یەکەمیان: بارودۆخی کۆمەڵایەتی و سیاسیی ئەو کاتەی ئێران، کە ببووە شوێنی

داڵدەدان و پەنادانی چەندین هۆز و گروپی جیاواز؛ لێکترازانی کۆمەڵایەتی، گۆڕانکاری و سەرلەنوێ دابەشکاریی سیاسی و پەرت و بڵاوبوونەوەی هێزی دەسەڵاتداری لە ناوچەکەدا، هەروەها خراپی بارودۆخی ئابووری وای لە سوفییەکان کرد کە ڕوو لە بیروباوەڕی دژەدنیایی بکەن و ژیانێکی سۆفییانە هەڵبژێرن (عقیلی، 1395 : 138)، ئەمانە، لە ڕێگەی نوێژی بەکۆمەڵ و کۆبوونەوەوە سەرکەوتوو بوون لە بە دەستهێنانی دڵی خەڵکی، لەلایەکی ترەوە، توانییان خەڵکی هۆزە تورکەکان بێننە خزمەت خانەقای شێخ سەفی، کە بەم هۆیەوە خانەقاکەی دەبێتە یەکێک لە گەورەترین خانەقاکان لە باکووری ئێران (عقیلی، 1395: 138–139). دووەمیان: دەرکەوتنی عوسمانییەکان و چەندین دەوڵەتی بچوک لە دوای هێرشی مەغولەکان بۆ ئەنادۆڵ، وایکرد ئەمانە بە دوای دەرفەتێکدا بگەڕێن بۆ دووبارە دەستخستنەوەی ئەو هێز و پێگەیەی خۆیان کە لە دەستیاندابوو، هەروەها مەیلیان بۆ ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی عوسمانی و ڕۆژئاوای ئێرانیش، هەر لە چوارچێوەی مەرامە سیاسی و سەربازییەکانیاندا بووە (Babayan, 1997: 135). لە لایەکی تر باجە زۆرەکانی دەوڵەتی عوسمانی بۆسەر دانیشتوانی ئەنادوڵ هۆکارێکی تری ئەم کۆچکردنە بە لێشاوە بووە لە لایەن هۆزە تورکمەنەکان (Akman, 2008 : 28).

### 4. دامەزراندنی سوپایەکی یەکگرتوو و دەرکەوتنی کڵاوی قزڵباش

شێخ حەیدەر بە مەبەستی گەڕانەوەی شکۆی جارانی خانەقاکەی، دەست بە ڕێکخستنی کاروباری مووریدەکانی دەکات، ئەویش لە ڕێگەی یەکپۆشکردنیان و لەسەرکردنی کڵاوێکی ڕەنگ سووری دوانزدە تڵیش و دەرکردنی فەتوایەک و ئاماژەکردنی بە کافربوونی خەڵکی سوننی مەزهەب، لە شێوەی "فەقیهە سوننییەکان دوژمنی خوان، هەر کەسێک لایەنگریان بکات بە واتای دەرچوونیان لە دین دادەنرێت و کوشتنیان حەڵاڵە". هەر بۆیەش ڕێگە بە موریدە قزڵباشەکانی دەدات، بە دەرکردنی فەتوایەکی نهێنی کە جیهاد لە دژی سوننییەکان ئەرکە و بە تاڵانبردنی ماڵومولکیان، فرۆشتنی ژن و منداڵیان خێرێکی گەورەی هەیە. بە جێبەجێکردنی یەکبەیەکی بیروباوەڕی شێخ بەدرەدین و دەرکردنی لێخۆشبوون لە نوێژ و ڕۆژوو و حەج بۆ موریدەکانی، وایکرد خۆشەویستییەکی زۆر و لایەنگری زیاتر بۆ خۆی پەیدا بکات (مزاوی، 1388: 139 ؛ خنجی اصفهانی،1382: 267). لەو کاتە بەدواوە بە شێوەیەکی فەرمی نازناوی قزڵباش (سەرسوور – کڵاوسوور) دەدرێتە موریدەکانی شێخ حەیدەر (اولئاریوس، 1369: 634–636 ؛ قیومی، 1393: 23 ؛ جنابدی، 1378: 96). دەستەواژەی سۆفیش وەکو هاوتایەک بۆ قزڵباشەکان بەکارهاتووە، بەڵام دواتر ئەم دەستەواژەیە تەنیا بۆ ئەو کەسانە بەکارهاتووە کە سۆفی و لایەنگری پلەی یەکی شێخ سەفی بوونە (فوران، 1377: 52 ؛ شیبانی، 1346، : 83 ؛ قیومی، 1393 :23).

لە سەردەمی شێخ حەیدەر بە دواوە، کڵاوی قزڵباشەکان وەکو هێمایەک بۆ تاجی ئیمام عەلی و تەریقەی سەفەوییەکان بووە، هەروەها سەرەتایەک بووە بۆ دروستبوونی یەکگرتنێکی مەزهەبی سیاسی. وەکو نووسەری (عالم آرای صفوی) لەم بارەیەوە دەڵێت: "سوڵتان حەیدەر لە کاتی ڕێکخستنی موریدەکانیدا، لە خەونیدا ڕۆشناییەکی پاک و بێگەرد بە دیار دەکەوێت و دەڵێت: ڕۆڵە! کاتی ئەوە هاتووە لەناو تۆ ڕۆڵەی ئێمە بێتە دەرەوە و هەموو کافرەکان لە ڕووی زەوی لەناوبەرێت؛ بەڵام دەبێت لە ڕەنگی سووری ئاگرین، کڵاوێک بۆ سۆفی و موریدەکانی خۆت دروست بکەی" (ناشناختە، 1384: 26 ؛ ناشناختە، 1363: 30 ؛ Yıldırım, 2024: 318).

بۆیە بەکارهێنانی کڵاوێکی سوور و جلوبەرگی یەکگرتووی تایبەت لەلایەن قزڵباشەکانەوە، واتا و ڕەگوڕیشەیەکی قووڵی هەبووە. یەکەمیان، دەگەڕێتەوە بۆ دامەزرێنەری تەریقەتی (سەنەوییەت)[7] کە بە (مەزدەکییە) ناسراون، دەکرێت هەڵبژاردنی ڕەنگی سووریش لەلایەن شێخ حەیدەرەوە بۆ ئەوە بووبێت تاکو تۆڵەی خوێنی باوکی بکاتەوە، یاخود خۆی لە ڕێگەی وەرگرتنی تۆڵەدا شەهید بکرێت. هەر بۆیەش لە ڕێگەی ئەم کارەوە، دەتوانێت جۆرێک هاوئاهەنگی و یەکپۆشی لە نێو موریدەکانیدا درووست بکات، ئەویش بە لەبەرکردنی عەبای دەروێشی و لەسەرکردنی کڵاوی دوانزدە تڵیش بووە، بە جۆرێک کەوا ناوەکەشیان (قزڵباش) هەر لە ئەنجامی لەسەرکردنی ئەم کڵاوە بووە لە لایەن لایەنگیرانی شێخ و ڕابەری تەریقەتی سەفەوییەوە. لێرە بەدواوە تەریقەتی سەفەوی هەنگاو بۆ قۆناغێکی نوێ دەنێت، کە ڕێگەیەکە بەرەو

دروستکردنی هاودەنگی مەعنەوی و ئاسانکردنی ئامانجە سیاسییەکانی شێخ حەیدەر (اباذرپور،1396 : ص53 ؛ هینتس، 1936: 97 ).

شێخ حەیدەر بە یەکەمین کەس لە بنەماڵەی سەفەوی دادەنرێت، کە بیرۆکەی دروستکردن و تاج لەسەرنانی جێبەجێ کردووە، بەڵام هەندێک لە سەرچاوە سەفەوییەکانی هاوسەردەم، هەوڵیانداوە بیسەلمێنن کە بەکارهێنانی تاج یاخود کڵاو لەلایەن سەفەوییەکانەوە مێژوویەکی دوور و درێژتری هەیە، بە جۆرێک کە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی شێخ سەفی (هروی،1390 : 12)، تەنانەت بە تاجی حەیدەری، تاجی وەهاب، تاجی ئاتەشین، تاجی سەعادەت ناوبانگی دەرکردووە. ئەم کڵاوە، بەپێی گێڕانەوەی سەرچاوەکان لە قوماشی سەقەرلاتی سوور و پارچە قوماشێکی سپی پۆشەر لە دەوری، درووست کراوە (سیدبنکدار، 1395: 198–199). لە میانەی ئەم باسە پێویستە ئاماژە بە بۆچوونی سەرچاوە تورکییەکان بکەین، کە بەکارهێنانی کڵاوی سوور هەر لە کۆنەوە وەکو دابونەریتێک بووە و هۆزە تورکمەنەکانی ئەنادۆڵ بەر لە پەیوەندیکردنیان بە پێشواکانی تەریقەتی سەفەوی لەسەریان کردووە (10: Akman, 2008 ؛ Eröz, 1977 81 ؛ بەڵام لە دوای موسڵمان بوونی بەشێک لە هۆزە تورکمەنەکان وازیان هێناوە لە لەسەرنانی ئەم کڵاوانە، تەنها ئەو بەشە نەبێت کە عەلەوی بوونە و بەردەوام بوونە لە لەسەرکردنی ئەم کڵاوەو بە قزڵباشەکان ناسراون (11–12 : Akman, 2008).

لە چوارچێوەی ئەم باسە، اسکندر بیک ترکمان لە (عالم آرای عباسی)دا باس لە هەوڵی قزڵباشەکان دەکات، کە هەوڵ و تەقەلایەکی زۆریان داوە، تا کڵاو یاخود تاجە دوانزدە تلیشەکە تایبەت بکەن بە خۆیان، بەڵام بە تێپەڕبوونی کات گروپ و کەسانی تریش ئیزنی لەسەرنانی ئەم کڵاوەیان وەرگرتووە، بە تایبەتی کەسانی دڵسۆز و گوێڕایەڵی سەفەوییەکان، هەڵگرتنی ئەم کڵاوەیان وەکو نیشانەیەک بۆ وەفادارییان بەرامبەر بە شا و بنەماڵەی سەفەوییەکان زانیوە، لەم سۆنگەیەوە نووسەر بیرۆکەی دروستکردن و لەسەرنانی کڵاوی قزڵباشەکان دەگەڕێنێتەوە بۆ خەونێکی شێخ حەیدەر و دوانزدە تلیشی کڵاوەکەش وەکو ئاماژەیەک بۆ شیعەی دوانزدە ئیمامی (ترکمان، 1387 : 19).

بە پیرۆزکردنی ئەم کڵاوە لە سەردەمی شێخ حەیدەردا، بەهۆی لایەنی مەزهەبی و گەڕانەوەی دوانزدە تلیشەکانی بۆ دوانزدە ئیمامەکان لە بیر و خەیاڵی دانیشتواندا، هەروەکو هەندێک لە گەڕیدەکان لەبارەیەوە دواون، کەوا کڵاوی قزڵباشەکان نیشانەیەک بووە بۆ مەزهەبی شیعە (دلاواله، 1369: 43 ؛ کمپفر، 1363: 105). شێخ حەیدەر بە لەسەرکردنی کڵاوی سوور وەکو خاڵێکی سۆزی و عاتیفی، بڕیاری یەکخستنی موریدەکانی تەریقەتی سەفەوی دەدات، ئەوەش لە کاتی نەمانی یەکگرتنی سیاسیدا بە هاتنەسەر دەسەڵاتی یەعقوبی کوڕی ئوزون حەسەن، بە مەبەستی بەرزکردنەوەی ورەی موریدەکان بووە (ثریا اباذرپور،1396 : 53). گەڕانەوەی تاج یاخود کڵاوی سەفەوییەکان بۆ سەردەمی شێخ سەفی، لە کاتێکدا بەشێکی زۆری سەرچاوەکان هاوڕان لە دەرکەوتنی لە سەردەمی شێخ حەیدەردا، تەنیا یەک مانای هەیە، هەر لە سەرەتای ڕابەرایەتیکردنی تەریقەتی سەفەوی و خانەقای شێخ سەفی دا، مەرامی سیاسیی لە پشتەوە بووە. لە لایەکی تر، بەکپۆشکردنی سوپا سۆفییەکان و لەبەرکردنی جلێکی هاوشێوە و کڵاوێکی دوانزدە تلیشی، کە لە چواردەوری ئەم کڵاوە بە پارچە پەڕۆیەکی سپی یاخود سەوز دەورەدرابوو، سەرەڕای بە دەستهێنانی وەفاداری قزڵباشەکان، مانای پێکهێنانی سوپایەکی خۆبەش و یەکگرتوو بووە بۆ وەرگرتنی تۆڵەی جونەیدی باوکی.

ئەوەی جێگەی باسە، جیاوازی کڵاوی قزڵباش یاخود تاجی شێخ حەیدەر لەگەڵ تاجەکانی تردا لەوەدا بووە، لەسەرکردنی ئەم تاجە تەنیا پەیوەست نەکراوە بە شا و ڕابەری تەریقەتەوە، بەڵکو تاجێک بووە وەکو جیاکاری موریدە قزڵباشەکان و وەفادارییان بۆ تەریقەتی سەفەوی و بنەماڵەی سەفەوی، لەلایەکی ترەوە وەکو سیمبول و نیشانەیەک بۆ مەزهەبی شیعەی دوانزدە ئیمامی لەسەر کراوە. ئەم تاجەش لەسەری شاکاندا وەکو نیشانەیەک بووە بۆ پێشەوای تەواوی تەریقەتی سەفەوی، نەک نیشانەی دەسەڵاتداری و شاهێتی. هەروەها سەبارەت بەو کەسانەی کە لە بازنەی وەفادارییان بۆ دەوڵەتی سەفەوی دەرچوون، تاجەکەیان لەسەر لادراوە. دەکرێت ئاماژە بە ئولامە تەکەلو بکەین کە بە ئامادەبوونی سوڵتانی عوسمانی تاجەکەی لابردووە و بە شمشێر پارچەپارچەی کردووە (سیدبنکدار، 1395: 206– 207، 211).

موریدەکانی تەریقەتی شێخ سەفی لە سەردەمی ڕابەرایەتی شێخ جونەیدا، بە شێوەیەکی ئاشکرا شێخ حەیدەریان بە

"خودا" و کوڕەکانیان بە "کوڕی خودا" ناسیوە و لە ستایشی ناوبراویشدا ئەویان بە تاکە بوونەوەری سەر ڕووی زەوی کە جێگەی پەرستن بێت داناوە: (هو الحی لا اله الا هو). بە مردنی خواکەیان (اله)، کوڕەکەی وەکو (ابن اله) شوێنی دەگرێتەوە و وەکو کوڕی خودا سەیر دەکرێت، بە شێوەیەک کە هەر کەسێک باسی لە مردنی شێخ جونەید بکردایە، ئیتر خۆشی لە خۆی نەدەبینی و ژیانیان لێ تاریک دەکرد (خنجی اصفهانی، 1382: 265 ؛ مزاوی، 1388: 51-152). هەروەها سەبارەت بە بانگەوازی کۆکردنەوەی موریدەکان لەلایەن پێشەوای تەواوەوە، پشتی بە دوو ڕەهەندی سەرەکی بەستووە؛ پەیامەکەی بەو جەماوەرە مەهدەوییە ڕادەگەیێنێت کە چاوەڕێی گەڕانەوەی مەهدی بوون (بە واتای گەڕانەوەی ئیمامی مەهدی (محمد بن حسن عسکری) ئیمامی دوانزدەهەمی مەزهەبی شیعە)، بە مەبەستی ڕزگارکردنیان لە زوڵم و زۆرداری عوسمانییەکان لەلایەک، لەلایەکی تریشەوە بانگەشەی خودابوونی حەزرەتی عەلی و بە ڕیزبەندی لە ئیمامەکانی دوای خۆی و دواتریش لە بنەماڵەی سەفەویدا بە دیار کەوتووە. بە واتایەک، شا واتا حەزرەتی عەلی و حەزرەتی عەلیش واتە خوا. لە میانەی ئەم باسەدا بە پشتبەستن بەم دوو ڕەهەندە سەرکەوتوو دەبن لە جێگیرکردنی دەسەڵاتدا. بە جۆرێک کە هۆزە تورکمەنەکان بە چاوی خودا سەیری ڕابەرانی ئەم بنەماڵەیە بکەن (اجاق، 1385: 179). هەریەک لە شێخ حەیدەر و شا ئیسماعیلیش لەلایەن قزڵباشەکانەوە وەکو ناوەندێکی پیرۆز، تەنانەت وەکو ڕووگە خۆیان سەیر کراون. شا ئیسماعیل لە شیعرەکانیدا شانازی بە ڕەچەڵەکی خۆیەوە، کە لە ئیمام عەلی و فاتیمەیە دەکات (بزان، 1373: 70) و پێیوایە زاتی باری تەعالا لە عەلیدا دەرکەوتووە و خۆی وەکو خودا لەسەر ڕووی زەوی بەدیار کەوتووە و بە شێوەی ڕووناکی ئیلاهی، خاتەم و مۆری پەیامبەرەکان و مورشیدێکی تەواو و ئیمامێکی ڕێگەپیشاندەر بەدیار کەوتووە و بە شێوەی حەلاج (انا الحق)ە (مزاوی، 1388: 152).

لە سەردەمی شێخ حەیدەردا، بەهۆی پروپاگەندەی لەڕادە بەدەر بۆ تەریقەتی سەفەوی، ژمارەی موریدەکانی لە ئەنادۆڵ ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە زیادبووندا دەبێت، بە جۆرێک کە لە شاری ئەردەبیل گەڕەکی تایبەت بە خۆیان هەبووە، کە بە ئەناتۆلییەکان (ئەنادۆڵییەکان) ناسراوە. زیادکردنی ژمارەی موریدانی حەیدەر لە ئەنجامی کۆچکردنی بەردەوامی موریدەکانی لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی سەفەوییەکانەوە، بۆ لاوازی دەسەڵاتداری سوڵتان بایەزیدی دووەم (ف. 1481-1512ز) دەگەڕێتەوە (اذرپور،1396 :53)، هەروەها فراوانی سنووری دەوڵەتی عوسمانی و هەوڵی سوڵتانەکانی وەکو بایەزیدی دووەم و سەلیمی یەکەم (ف: 1512-1520ز) بۆ ئەنجامدانی فراوانخوازی لە بەرەی ڕۆژئاوادا دەگەڕێتەوە. ئەمەش دەرفەتێکی زێڕین دەداتە قزڵباشە شیعە مەزهەبییەکانی ناوچەکانی ئەنادۆڵ، بۆ ئەوەی بە دوای پێشەواکەیان لە ئازەربایجان (ئێران) بکەون.

قزڵباشەکان بە ڕابەرایەتی شێخ حەیدەر لە سەردەمی دەسەڵاتداریێتی سوڵتان یەعقوبدا، بە ناوی جیهاد و سەرکوتکردنی هێرشەکانەوە دەست دەکەن بە تاڵانکردنی گوندەکانی ناوچەی شەروان، داغستان و ناوچەکانی باشووری قەوقاز کە سونی مەزهەب بوونە. بەم کارەیان توانیان ترس لە لای دانیشتوانی گوندەکانی دەوروبەریان دروست بکەن و بیر لە هیچ جۆرە دژایەتییەکیان نەکەنەوە (خنجی، بی سال: 56-57). وەکو فەزلولاّ ڕۆزبەهان خونجی کە بە یەکێک لە شایەتحاڵەکانی سەردەم دادەنرێت، ئاماژەی پێدەکات: "شێخ حەیدەر لە ئەردەبیل بە مەبەستی زیانگەیاندن بە نەیارانی هەموو ڕێگایەک دەگرێتە بەر. یەکێک لە کارەکانی بریتی بوو لە نەوت بە سەگداکردن و ئاگر تێبەردانی بووە لە کاتی شەواندا. سەگەکە چونکە زیندوو بووە و لە تاو ئازاری سووتاندنی خۆی بە ماڵەکاندا کێشاوە، هۆکار بووە بۆ سووتانی ماڵەکان و لەناوبردنی نەیارانی" (خنجی اصفهانی، 1382: 266). مەرج نییە سەگەکە خۆی بە ماڵی نەیارانی شێخ حەیدەردا کردبێت، بەڵام دەکرێت ئەم کارەی بۆ درووستکردنی ترس بۆ خەڵکی ناوچەکە و لەلایەکی تریشەوە ئەنجامدانی ئەم کارە لە شەودا هۆکارێک بووبێت بۆ دروستکردنی پشێوی و جەنجاڵی.

شێخ حەیدەر لە ساڵی ١٤٨٣ز دەست بە شەڕ کردن دەکات لە دژی چەرکەسەکان، پاش ئەوەی توانی لایەنگری حاکمی شەروان بەدەست بهێنێت ڕوو دەکاتە داغستان. سەرکەوتنی لەم شەڕەدا هۆکار بوو بۆ گەشەکردنی بیرۆکەی تۆڵەکردنەوەی خوێنی باوکی لە فەروخ یەسار شەروانشای کوڕی ئەمیر خەلیل، بەڵام ئەم جارە موریدەکانی پەشیمانیان کردەوە (نوایی، 1386: 51).

زیادەڕەویکردن لە تالانکردن و سووتاندن و کوشتندا، وایکرد خەڵکی گوندەکانی باشووری ئازەربایجان پەنا بەرنە بەر دەرباری سوڵتان یەعقوبی کوڕە خاڵی. ناوبراو دەستبەجێ پەیامی نارد و شێخ حەیدەری بۆ تەورێز بانگ کرد، تا دەست لە تالانکردنی خەڵک هەڵبگرێت. شێخ حەیدەر زیرەکانە لە سەردانەکەیدا جلێکی کۆنی لەبەر کرد و بە بەکارهێنانی شێوازی تەوریە[8] لەبەردەم سوڵتان یەعقوب سوێندی خوارد، کە ئەمانە تەنیا پروپاگەندەن لە دژی و ئەو دەستی بۆ ماڵ و ژیانی هیچ موسڵمانێک نەبردووە. ئەو جیهادی لە دژی چەرکەسەکان وەک مافێکی شەرعی موریدەکانی لە قەڵەم دا، بەڵام سوڵتان بە هیچ شێوەیەک ڕێگای بەم جیهادە نەدا. بۆیە شێخ حەیدەر سوێندی بە قورئان خوارد کە موریدەکانی بۆ جیهاد نانێرێت، خانەقاکەی شێخ سەفی بەجێ ناهێڵێت، تەنیا خەریکی خواپەرستی دەبێت و ڕازی دەبێت بەو خێراتانەی سەردانکەران بۆی دەهێنن (والتر هینتس، 1936: 100 ؛ خنجی اصفهانی، 1382: 270-271).

کاتێک شێخ حەیدەر گەڕایەوە بۆ ئەردەبیل، دایکی نارد بۆ شاری قوم تا ڕەزامەندی سوڵتان یەعقوب بەدەست بهێنێت بۆ جیهادکردن. هۆکارەکەی ئەوە بوو کە باری دارایی موریدەکانی خراپ ببوو و پێویستیان بە دەستکەوت هەبوو کە لە ڕێگای فرۆشتنی ئافرەت و پیاوانی چەرکەسی لە بازاڕەکاندا بەدەستیان دەهێنا. هەرچەندە سوڵتان وەڵامێکی یەکلاکەرەوەی نەدایەوە، بەڵام ڕێگریشی لە موریدەکانی نەکرد (خنجی اصفهانی، 1382: 273). مەبەستی سەرەکی شێخ حەیدەر تۆڵەکردنەوەی خوێنی باوکی بوو لە شەروانشا، بەتایبەت پاش ئەوەی توانی لایەنگری هەزاران موریدی تاتاری لە ناوچەکانی ئەنادۆڵدا بەدەست بهێنێت، کە ئامادە بوون فەرمانەکانی جێبەجێ بکەن. لەم قۆناغەدا شێخ حەیدەر گەیشتە ئەو باوەڕەی کە پێش هێرشکردنە سەر شەروانشا، پێویستە موریدەکانی لە ناوچەکانی داغستان و قەوقازدا وەک سەرباز تاقی بکاتەوە. لە کۆتایی بەهاری1462ز دا بە بیانووی سەیران و گەشتوگوزار لە ناوچەکانی ڕووباری کور (خنجی، بی سال: 59) لە باشووری ئازەربایجان جێگیر بوو. لەوێوە خەلیفەکانی نارد بۆ ناوچە جیاوازەکانی ئەنادۆڵ تا قزڵباشە خۆبەختکەرەکان (جیهادییەکان) کۆ بکەنەوە. لە ماوەی دوو مانگدا، زیاتر لە شەش هەزار قزڵباش پەیوەندییان بە بانگەوازەکەیەوە کرد. شێخ حەیدەر بەم هێزەوە لە ڕووباری کور تێپەڕی و هێرشی کردە سەر گوندەکانی بەردەع[9] و مەحمود ئاباد (معین، 1391: 254) کە دانیشتوانەکەیان سونی مەزهەب بوون. لەم هێرشەدا ژمارەیەکی زۆر لە فەقێی گوندەکانی کوشت و پاشان ڕووی کردە شاری شوماخی (شماخی)[10](معین، 1391: 911)، کە شەروانشا پێشتر سوپای تێدا جێگیر کردبوو بۆ بەرگریکردن. شێخ حەیدەر تالانێکی بێ وێنەی لە شارەکە کرد و لە کۆتاییدا شارەکەی سووتاند (خنجی اصفهانی، 1382: 269). زۆربەی سەرچاوەکان هاوڕان لەسەر تالانکاریکەی موریدەکانی شێخ حەیدەر بۆ سەر ئەو شار و گوندانەی کە فەقێ و دانیشتوانی سوننی مەزهەب بوونە. مەبەست لەم هێرشانە بە پلەی یەکەم تۆڵەکردنەوەی خوێنی باوکی بوو لە دانیشتوانی ژێر دەسەڵاتی شەروانشا لەلایەک، و نەهێشتنی فەقێ و لایەنگرانی سوننی لە ناوچەکە و جێگیرکردنی مەزهەبی شیعەی دوانزدە ئیمامی لەلایەکی ترەوە. بۆیە دوو هێرشی کردە سەر ناوچەکانی چەرکەس و سەرکەوتوو بوو، بە شێوەیەک کە توانی سەروەتێکی زۆر و ژمارەیەکی زۆری دیل کە دەگەیشتنە شەش هەزار کەس بەدەست بهێنێت (مزاوی، 1388: 156 ؛ خنجی اصفهانی، 1382: 266-267).

هێرشی بەردەوامی قزڵباشەکان و شێخ حەیدەر، هۆکار بوو کە شەروانشا لە گوڵستانی سەر بە ناحیەی تەبەرستان (ئەو ناوچەیەی کە شێخ جونەیدی لێ کوژرابوو) خۆی بپارێزێت (هروی،1383 : 58-59) و لە نامەیەکدا داوای یارمەتی لە سوڵتان یەعقوب کرد، ئەم نامەیە لە شاری قوم گەیشتە دەستی سوڵتان و دەستبەجێ سوپایەکی بۆ پاڵپشتی شەروانشا نارد. حەیدەر بە بیستنی ئەم هەواڵە یەکسەر دەستی لە گەمارۆدانی گوڵستان هەڵگرت و لە ڕێگەی ئەیالەتە کەنارییەکانی تەبەرستانەوە بە دوای ڕێگایەک بۆ خۆرزگارکردن گەڕا. ئەو سەرکەوتوو بوو لە جێگیرکردنی سوپاکەی و هێرشکردنە سەر دەربەند، بەڵام بە بیستنی هەواڵی پێشڕەویی سوپای فەروخ یەسار، بە ناچاری دەستی لە دەربەند هەڵگرت و لە ناوچەی سنووری تەبەرستان لە قەدپاڵی شاخی ئەلبورز لە ڕۆژی چوارشەممەی ٩ی تەموزی ١٤٨٨دا، هەر سێ سوپاکە: حەیدەر، سوڵتان یەعقوب و فەروخ یەسار ڕووبەڕووی یەکتر بوونەوە. لە کاتی جەنگدا تیرێک بە هەڵە لە شێخ حەیدەر درا و لە ئەسپەکەی کەوتە خوارەوە، بەجۆرێک کە عەلی ئاغای فەرماندەی سوڵتان یەعقوب سەری شێخ حەیدەری لە لاشەی جیا کردەوە و بۆ سوڵتان یەعقوبی نارد. بە مردنی مورشیدی کاملیان، جۆرە سەرلێشێواوییەک لە لای موریدە

قزڵباشەکان دروست بوو، و بەشێکی زۆریان لە کاتی پاشەکشەدا کوژران و بەشێکی تریشیان پاشەکشەیان کرد بۆ ناوچە بیابانییەکانی ئەنادۆڵ و لەناو هۆزەکانی خۆیاندا جێگیر بوون (خنجی اصفهانی، 1382:  294 ؛ روملو،1389: 868 -869 ؛ هینتس، 1936: 104-110).

### 5. مردنی شێخ حەیدەر و چارەنووسی قزڵباشەکان

بە مردنی شێخ حەیدەر لە 1488ز، دا جارێکی تر خۆری لایەنگرانی تەریقەتەکە ئاوا دەبێت، لە ئەنجامی بوونی دژایەتی و نەبوونی پەیوەندییەکی ئەرێنی لە نێوان شێخ حەیدەر بەر لە مردنی لەگەڵ سوڵتان یەعقوبی زڕبرای خێزانی لە لایەک، لە لایەکی تر بەهۆی دروستکردنی ئەو ئاژاوە و کوشتارەی لە خەڵکی سوننە مەزهەبی شەروان، سوڵتان یەعقوب بە مەبەستی کپکردنەوەی تووڕەیی خەڵکی ئازەربایجان، بە پێویستی زانی فەرمان بدات بە گەڕاندنەوەی سەری شێخ حەیدەر لە تەورێز، هەروەها فەرمانی جێگیرکردنی مارتای خوشکی لە شیراز لەگەڵ سێ کوڕەکەی (عەلی، ئیبراهیم، ئیسماعیل) لە قەڵای ئیستەخر دەدات. لە کاتێکدا سوڵتان عەلی کوڕە گەورەی شێخ حەیدەر وەک ڕابەری تەریقەتی سەفەوی لە لایەن موریدەکانەوە هەڵدەبژێردرێت (روملو،1389:  869). بە مردنی عەلی پاشا لە 1494 ز، پێشەوایەتی تەریقەتی ئەردەبیل بۆ ئیسماعیل دەگوازرێتەوە و دەبێتە پێشەوا. ئەوەی پەیوەستە بە ژیانی نهێنیی ئیسماعیل لە گەیلان، ژمارەیەکی دیاریکراو لە پەیڕەوکەر و لایەنگرانی لەگەڵیدا دەمێننەوە، کە بە ئەهلی ئیختساس یاخود بە سوفیانی لاهیجان ناسراون، هەریەک لەم کەسانە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆیان بە پێشەوای تەواوی خۆیان واتە ئیسماعیلی کوڕی حەیدەرەوە هەبووە. بە مردنی سوڵتان عەلی برا گەورەی ئیسماعیل و هەڵوەشانەوەی سوپای حەیدەری باوکیان، سۆفییەکانی لاهیجان بە شێوەیەکی هەمیشەیی وەفاداری و دڵسوزی خۆیان بۆ پێشەوای خۆیان دووپات دەکەنەوە، دواتر هەر ئەو سۆفیانەش ئەرکی پەروەردەکردنی ئیسماعیل دەگرنە ئەستۆ و بۆ هەڵگەڕانەوە لە دژی دەسەڵاتدارانی ناوچەکە (ئاق قۆینلووەکان) ئامادەی دەکەن (پاراسادوست، 1375 : 245-250). سۆفییەکان سەرەڕای لە ئەستۆگرتنی ئەرکی پەروەردەکردن و پاراستنی ئیسماعیل، دەبن بە هۆکاری بەیەکەوەبەستەرەوەی بەهێزی ئیسماعیل بە جیهانی دەرەکی، هەروەها پاراستنی پەیوەندییان لەگەڵ موریدەکانی تەریقەت لە ناوچە جیاوازەکانی ئەنادۆڵ، قەفقاز و ئازەربایجان. لەگەڵ ئەوەی تەریقەتی سەفەوی بانگەشەی پەیڕەوکردنی شیعەی دوانزدە ئیمامی دەکرد، کە نوێنەری ئیمامی نادیار (چاوەڕوانکراو) بوو، بەڵام ئیسماعیلیان وەکو ئیمامی تەریقەتەکە، واتە ئیمام مەهدی دەبینی (سەیڤۆری، 2019 : 43-44).

ڕۆڵی قزڵباشەکان لە دامەزراندن و جێگیرکردنی تەریقەتەکەیان، لە دەوری سێ لایەنی سەرەکی دەخولێتەوە. قوناغی یەکەم، شێوەبەندی و پەیوەندیان بە تەریقەتی سەفەوی، قوناغی دووەم، بەردەوام بوون و فراوانکردنی پەیوەندییان لەگەڵ شێخەکانی سەفەوی. دواین قوناغ: هەوڵیان بۆ بە دەسەڵات گەیاندنی شێخەکانی سەفەوی، بە مەبەستی زیادبوونی خواستیان بۆ دەسەڵات و بەڕێوەبردنی وڵات. لە بەرامبەردا پێویستی سەفەوییەکان بە قزڵباشەکان، بە تایبەت لەبواری سیاسی و کارگێڕی، هەروەها پەیوەندی دەرەکی و لایەنی مەزهەبی، هۆکار بوو بۆ گۆڕانکاری لە بیروباوەڕیان (عقیلی، 1395 : 135). هەر بۆیەش تا تەمەنی دوانزدەساڵی لە لایەن حەوت کەس لە قزلباش و موریدە وەفادارەکانی بنەماڵەی سەفەوی، پارێزگاری لە ئیسماعیل دەکرێت (رویمر، 1390 : 34-35)، دواتر بە مردنی یەعقوب سوڵتانی ئاق قوینلو لە 1490ز و سەرهەڵدانی ململانێی جێنشین لە لایەن ئاق قوینلوەکان، دەرفەتێکی باش بۆ سۆفیانی لاهیجان و ئیسماعیل هەڵدەکەوێت تاکو دووبارە سوپا ڕێکبخەنەوە و کۆتایی بە دەسەڵاتە خۆجێیەکانی ئازەربایجان و ئێران بهێنن، هەروەها هەوڵی دامەزراندنی دەوڵەتێکی فەرمی لە 1501ز بە ناوی دەوڵەتی سەفەوی و بە شا بوونی ئیسماعیلی یەکەمی کوڕی حەیدەری کوڕی شێخ جونید بدەن (Karakulak, 2024: 32). سەرهەڵدانی دەوڵەتی سەفەوی و دەسەڵاتدارێتی شا ئیسماعیلی یەکەم، بە سەرەتایەک بووە بۆ کۆچکردنی بە لێشاوی ئەم هۆزانە بۆ ناوچە جیاوازەکانی ئێران و دەستخستنی موڵکانەیەکی زۆر لە لایەکی ترەوە دەستگرتنیان بەسەر زۆربەی پۆستەکانی دەربار سەردەمێکی نوێی لە دەسەڵاتدار شاکان لە ژێر سێبەری قزڵباشەکان لە دەرباری سەفەوییدا دەستپێدەکات. (یلفانی، 1386:  125). دەتوانین بڵێن

گەڕانەوەی مافی ڕابەڕایەتیکردن بۆ ئیسماعیل بە خاڵێکی سەرەکی دادەنرێت بۆ زیادبوونی دەسەڵاتی قزلباشەکان لە دەربار و گۆڕینی ڕۆڵییان لە موریدەوە بۆ جەنگاوەر و فەرمانڕەوای ناوچە جیاوازەکانی ئازەربایجانەوە، لە لایەکی ترلە ئەنجامی دروستکردنی کۆنفیدراسیونێکی هۆزی لە حەوت هۆزە قزلباشەکان بە پلەی یەکەم، بە هۆکارێکی سەرەکی دادەنرێت لە کاڵ بوونی ڕۆڵی سوفییەکانی تەریقەتەکە، بە شێوەیەک لە نیوەی یەکەمی دەسەڵاتداری شا ئیسماعیل بەشێکی زۆری قزلباشەکان ڕووبەرووی بێ وەفای شا دەبن.

## 6. دەرئەنجام

دەکرێت دەرئەنجامی ئەم توێژینەوەیە لەم چەند خاڵانەی خوارەوە کورتیان بکەین:

1. پەیوەندیکردنی موریدەکانی ئەنەدۆڵ (قزڵباشەکان) بە تەریقەتی سەفەوی، بە خاڵێکی وەرچەرخانی بەهێز دادەنرێت بۆ گەشەسەندن و فراوانبوونی تەریقەتەکە.
2. دروستکردنی پەیوەندی هاوسەرگیری سیاسی لەگەڵ ئاق قوینلوەکان، لە ڕێگەی هاوسەرگیری خوشکی ئوزون حەسەن لەگەڵ شێخ جونەید، دواتر کچی ئوزون حەسەن لەگەڵ شێخ حەیدەر، بە هۆکارێکی سەرەکی دادەنرێت کە بنەماڵەی سەفەوی خۆیان بە خاوەنی دەسەڵات و بە ڕابەرانی ناوچەکانی ئازەربایجان بزانن.
3. سەردەمی ڕابەرایەتی شێخ حەیدەر بە سەردەمی هەوڵدان بۆ دەستخستنی دەسەڵاتی زیاتر و بە خاوەنبوونی خاک دادەنرێت،بە جۆرێک کەوا ناوبراو هەموو هەوڵێکی خۆی دەدات بۆ چەسپاندنی دەسەڵاتی لە ناوچەکانی ئازەربایجان و عێراقی عەجەم.
4. گۆاستنەوەی ڕابەرایەتی کردنی خانەقای شێخ سەفیەددین بۆ دەسەڵاتداریەتیکردن و بە سیاسی کردنی تەریقەتەکە لە لایەن هەریەک لە شێخ جونەید و شێخ حەیدەرەوە.
5. دروستکردنی سوپایەک لە لایەنگیر و موریدەکانی تورکمەنی ئەنادۆڵ یاخود قزڵباشەکان، هۆکارێکی ترە کە قزڵباشەکانیش لە موریدێکی مەزهەبی شیعە بۆ جەنگاوەرێکی سەربازی دەگۆڕێت بۆ خزمەت تەریقەتی سەفەوی.

## 7. پەراوێزەکان

1. لەم توێژینەوەیەدا دەستەواژەی مورید یاخود لایەنگر لەبەرامبەر بە دەستەواژەی هۆزە تورکمەنەکان یاخود قزڵباش بەکارهێنراوە، چونکە لە سەردەمی هەریەک لە شێخ جونەید و حەیدەرەوە بە شێوەیەکی بەربڵاو دەستەواژەی قزلباش یاخود دەستنیشانکردنی هۆزێک لە حەوت هۆزە تورکمەنەکان بەکارنەهێنراوە لە سەرچاوەکان.
2. تەیمور لەنگ (ئەمیر تەیمور گورگانی): ناوبراو بە بەدەستخستنی فەرمانڕەوای ماوەرائەلنەهیر بەمەبەستی فراوانخوازی زیاتر ڕوو لە ناوچەکانی ئێران دەکات و لە ماوەی نێوان 782-783 و 784بۆ 790 بە سوود وەرگرتن لە نەبوونی هیچ دەسەڵاتێکی بەهێز و سەرەڕای ئاڵۆزی نێوان فەرمانڕەوا خوجییەکان، دەتوانێت لە چەند هێرشێک بۆسەر ناوچەکانی هیرات تاوەکو عێراقی عەرەبی بخاتە ژێر کۆنترۆڵی خۆی. نازناوی گورگان کەوا بە واتای (زاوا) دێت وەردەگرێ لە دوای ئەنجامدانی پرۆسەی هاوسەرگیری لەگەڵ خووشکی (ئەمیر حەسەن) ناوێک کەوا یەکێک بووە لە میرەکانی مەغولی (جعفری، 1385 : 21-29).
3. بەکتاشی: حاجی بەکتاشی خوراسانی بە دامەزرێنەری ئەم تەریقەتە دادەنرێت. ئەم تەریقەتە لە ناوچەکانی ئەنادۆڵ سەرهەڵدەدات و لەگەڵ فراوانخوازییەکانی دەوڵەتی عوسمانی ڕۆڵێکی سەرەکیان دەبێت لە بە موسڵمانکردن و بە موریدکردنی خەڵکی غەیرە موسڵمان. بە مردنی بالیم سوڵتان (1457-1517) کەوا پێشەوای بەکتاشیەکانە، موریدەکانی ئەم تەریقەتە پەیوەندی بە تەریقەتی سەفەوییەوە دەکەن و دەبن بە مورید و لایەنگیریان، لە کاتێکدا سەرچاوەکان هاوڕانین سەبارەت بە مەزهەبی بەکتاشیەکان، چونکە بەشێک لە سەرچاوەکان بە سونی و بەشێکی تریان بە شیعە لەقەڵەمیان داوە ( رازنها ، 1392: 126 ؛ Algar, 1989, 1-2 )

4. بایندر: ناوی یەکێکە لە بیست و چوار هۆزە تورکەکان (ئوغز)، ئەم هۆزە لە سەردەمی تەیمورییەکان ناو وناوبانگی زۆریان هەیە و بنەچەی ئاق قوینلوەکان بۆ ئەم هۆزانە دەگەڕیتەوە (سومر ، 1380 : 159–160).

5. شێخ جەعفەر: کوڕی خواجە عەلی و برای شێخ ئیبراهیمە، ناسراو بە شێخ شاه کە مامی شێخ جونەیدە. بەشێک لە سەرچاوەکان ئاماژە بە زیرەکی و سەرقاڵی ناوبراو دەکەن بە زانست و زانیاری، بە جۆرێک کەوا بەبێ ئەوەی ڕابەری تەریقەت بێت، سەرکەوتوو دەبێت لە بەدەستخستنی لایەنگیری و شوێنکەوتووان لە لایەک و، لە لایەکی تر دەتوانێت ڕێزی فەرمانڕەوا وەکو جهانشای قەرەقوینلو، کە کچێکی خۆی لە کوڕی شێخ جەعفەر مارە دەکات، بە دەست بێنێت. تەنانەت ابوبکر طهرانی لە کتیبەکەی خۆی بە شیخ الاسلام اعظم و شیخ تقوی پنا ناوی دەهێنێت. لە هەندێک لە سەرچاوەکان کە دژی بەرەی شێخ جەعفەرن، ئاماژە بە ڕق و کینەی ناوبراو دەکەن، هەروەها جەهانشا بە هاندانەکانی ناوبراو جونەید لە ئەردەبیل بە دەرکردن دەدات (سومر، 1380: 228 ؛ زاهدی،1343: 49–50 ؛ روملو، 601 : 1389؛ 23–24 : Matthee, 2022).

6. تەبەرستان: دەکەوێتە نزیک ناوچەکانی گەیلان و چالوس و ڕەی. ئەم ناوچەیە لە سەردەمی ئەسکەندەری مەکدونی هۆزی تەپور تیایدا دەسەڵاتدار بوونە (معین، 1391: 1078 ـ 1079).

7. تەریقەتی (سەنەوییەت): بە ڕابوونێکی مەزهەبی کۆمەڵایەتی دادەنرێت لە سەردەمی ساسانییەکان. کەوا بە ئەنجامدانی کۆمەڵێک چاکسازی لە بواری کۆمەڵایەتی و ئابووری و بەرێوەبردن وا دەکات ژمارەی لایەنگیرانی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاد بکات (حاجیان پور، 1376: 1–8)

8. تەوریە: واتای تەوریە یاخود توریە بە واتای پێچەوانەکردنی قسە و پاراستنی نهێنی لە لای خۆت. الفيروز آبادي، القاموس المحيط، جلد4، دار العلم، بيروت، 1987، ص399 ؛ جلال الدين سيوطی، الاتقان في علوم القرآن، الجزء2، دار الفكر، لبنان، 1996م، ص266.

9. بردع : لە بەشێک لە سەرچاوە بە (بردعه)ش هاتووە، شارێک بووە لە ناوەڕاستی هەرێمی ئاران، کە ئێستا بە ئازەربایجان، باکووری (کۆماری ئازەربایجان) ناسراوە (معین، 1391: 254).

10. شماخی: قەڵاشارێکە کە پێشتر پایتەختی ناوچەی شەروان بووە، پایتەختی کۆنی بنەماڵەی دەسەڵاتداری شەروانشایی بووە لە قەوقاز (معین، 1391: 911 ).

## 8. سەرچاوەکان

### 8.1 کتێبەکان

**أ. بە زمانی کوردی**


– سەیڤۆری، ڕۆجەر(2018)، مێژووی دەوڵەتی سەفەوی، وەرگێرانی: سەربازحەمەکەریم، لە بڵاوکراوەکانی خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما: سلێمانی.


**ب. بە زمانی عەرەبی**


– آبادي، الفيروز (1987)، القاموس المحيط، جلد4، دار العلم: بيروت ؛ سيوطی، جلال الدين (1996)، الاتقان في علوم القرآن، الجزء2، دار الفكر: لبنان.


**ج. بە زمانی فارسی**


– اصفهانی، فضل الله روزبهان خنجی(1382)، تاریخ عالم ارای امینی، شرح حکمرانی سلاطین آق قوینلو و ظهور صفویان، تصحیح: محمد اکبر عشیق، انتشارات میراث مکتوب: تهران.
–اولئاریوس، آدام(1369) ، سفرنامەی آدام اولئاریوس، اصفهان خونین شاه صفی، ترجمه: مهندس حسین کردبچه، جلد دوم، شرکت کتاب برای همه: تهران.
–بزاز، درویش توکلی بن اسمعیل ( ابن بزاز اردبیلی)(1373)، صفوه الصفا، مقدمه و تصحیح: غلامرضا طباطبائی مجد، نشر مصحح:اردبیل.
–پارسا دوست، منوچهر(1375) ، شا اسماعیل اول، انتشارات شرکت سهامی: تهران.
– ترکمان، اسکندر بیگ ( 1387)، تاریخ عالم آرای عباسی، با اهتمام و تنظیم: ایرج افشار، کتاب اول، موسسه انتشارات امیر کبیر: تهران.
– ثابتیان(1343)، اسناد و نامەهای تاریخی دوره صفویه، کتابخانه ابن سینا: تهران.

– جعفری،حسین میر(1385)، تاریخ تحولات سیاسی، اجتماعی، اقتصادی و فرهنگی ایران در دوره تیموریان و ترکمانان، انتشارات دانشگاه اصفهان، تهران.
– جعفریان، رسول(1396) ، تاریخ قزلباشان صفوی، در چند متن تاریخی_ مذهبی عربی دوره عثمانی،نشر مورخ: تهران.
– جنابدی، میرزا بیگ(1378)، روضة الصفویه، به کوشش غلامرضا طباطبایی مجد، مجموعه انتشارات ادبی و تاریخی موقوفات دکتر محمود افشار یزدی: تهران.
– خنجی، امیر حسین(بی سال) ، قزلباشان در ایران، نقش قزلباشان صفوی در تاریخ ایران زمین، نشر الکترونیک: وبگاه ایران تاریخ.
– خواندمیر، غیاثالدین بن همامالدین (1362)، تاریخ حبیب السیر، زیر نظر دکتر دبیر سیاقی، جلد4، انتشارات خیام: تهران.
– دلاواله، پیترو(1384)، سفرنامه پیترودلاواله، مترجم: شعاع الدین شفا، انتشارات علمی فرهنگی: تهران.
– روملو، حسن بیگ(1389)، احسن التواریخ، تصحیح و تحشیه، دکتر عبدالحسن نوایی، جلد دوم، چاپ دوم، اتشارات اساطیر: تهران.
– زاهدی، شیخ حسین پسر شیخ ابدال پیرزاده(1343)، سلسله النسب صفوی، نسب نامه پادشاهان با عظمت صفوی، چاپخانه ایرانشهر: برلین.
– سومر، فاروق(1380)، اغوزها (ترکمن)، ترجمه: آنادردی عنصری، انتشارات حاج طلایی، تهران.
– شاملو، ولی قلی بن داود قلی(1371)، قصص الخاقانی تصحیح و پاورقی: مرحوم دکتر سید حسن سادات ناصری، جلد اول، سازمان چاپ و انتشارات وزارت ارشاد اسلامی: تهران.
– شیبانی، نظامالدین مجیر(1346)، تشکیل شاهنشاهی صفویه احیاء وحدت ملی، انتشارات دانشگاه تهران: تهران.
– طاهری، ابو القاسم(1349) ، تاریخ سیاسی و اجتماعی ایران از مرگ تیمور تا مرگ شا عباس، انتشارات فرانکلین: تهران.
– غفاری فرد، عبدالحسین نوایی، دکتر عباسقلی(1386)، تاریخ تحولات سیاسی، اجتماعی، اقتصادی و فرهنگی ایران در دوران صفویه، اچاپ چهارم، نتشارات دانشگاه علامه طباطبایی: تهران.
– فوران، جان(1377)، مقاومت شکننده، تاریخ تحولات اجتماعی ایران از صفویه تا سال های پس از انقلاب اسلامی، ترجمه: احمد تدین، موسسه خدمات فرهنگی رسا: تهران.
– قزوینی، قاضی احمد غفاری(1343) ، تاریخ جهان آرا، با مقدمه و تصحیح حسن نراقی، کتاب فروش حافظ: تهران.
– قزوینی، یحیی بن عبدالطیف(1386)، لب التواریخ، تصحیح میرهاشم محدث، انجمن آثار و مفاخر فرهنگی: تهران.
– القمی، قاضی احمد بن شرف الدین الحسین الحسینی(1382) ، خلاصة التواریخ، تصحیح: دکتر احسان اشراقی، جلد اول، چاپ دوم، اتشارات دانشگاه تهران: تهران.
– کمپفر، نگلبرت(1363)، تاریخ کمپفر، ترجمه: کیکاووس جهانداری، چاپ سوم، انتشارات خوارزمی: تهران.
– لاکهارت، پیتر جکسون و لورنس(1390)، تاریخ ایران کمبریج (دوره تیموری)، ترجمه: دکتر تیموری قادری، جلد ششم (قسمت اول)، چاپ دوم، انتشارات مهتاب: تهران.
– مزاوی، میشل م (1388)، پیدایش دولت صفوی، ترجمه: یعقوب آژند، چاپ دوم، نشره گستره: تهران.
– معین، محمد(1391)، فرهنگ فارسی، چاپ 27، جلد ششم و پنجم، مؤسسه انتشارات امیرکبیر: تهران.
– ناشناخته (1384)، عالم آرای شاه اسماعیل، با مقدمه و تصحیح و تعلیق: اصغر منتظر صاحب، شرکت انتشارات علمی و فرهنگی: تهران.
– ناشناخته، عالم آرای صفوی(1363)، به کوشش یدالله شکری، چاپ دوم، انتشارات اطلاعات: تهران.
– ناشناس (1378)، تاریخ تیموریان به روایت کمبریج، مترجم: یعقوب آژند، چاپ دیبا، تهران، 1379.
– هروی، امیر صدرالدین سلطان ابراهیم امینی(1383)، فتوحات شاهی، تصحیح و تعلیق: دکتر محمد رضا نصیری، انتشارات دانشگاه تهران: تهران.
– هروی، محمود بن خواندمیر(1390)، ایران در روزگار شاه اسماعیل و شا طهماسب، به کوشش: غلامرضا طباطبایی مجد، چاپ دوم، انتشارات ثریا: تهران.
– هینتس، والتر(1377)، تشکیل دولت ملی در ایران، حکومت آق قوینلو و ظهور دولت صفوی، ترجمه: کیکاووس جهانداری، چاپ چهارم، انتشارات خوارزمی: تهران.

## چ. به زمانی تورکی

- Eröz, Mehmet( 1977), Türkiyede Alevilik Bektaşilik, tağ Yayınevi: İstanbul.

**خ. به زمانی ئینگلیزی**

- Shahr, Fariba Zarinebaf(1997), Qizilbash Heresyand Rebellion i Ottoman Anatolia During the Sexteenth Century, Anatolia moderna, no.7.
- Babayan, Kathryn (1994), The Safavid Synthesis from Qizilbash Islam to Immite Shi‘ism, Iranian Studies, Volume 27, numbers 1-4.
- Matthee, Rudi (2022), The Safavid World, published by Routledge: New York.

### 8.2. توێژینەوە زانستییەکان


**أ. بە زمانی کوردی**

– یابە، چیمن علی ؛ محمد، اکو برهان، بارودۆخی پیشەسازی لە هەرێمەکانی خۆراسان و بلادماوراء النهر لە سەدەکانی (5-6ک/ 11-12ز) توێژینەوەیەکی مێژووی و شیکاریە، گۆڤاری زانکۆ بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان، ژمارە 28، 15.8.2024، هەولێر.

**ب. بە زمانی فارسی**

– اباذرپور، ثریا ( 1396)، "زندگی سیاسی قزلباش ها، نگاهی به قزلباش ها از زمان شیوخ صفوی تا شا عباس اول"، مجله رشد اموزش تاریخ، شماره 67.

– اجاق، احمد یاشار(1385)، "از عصیان باباییان تا قزلباش گری، نگاهی به تاریخ ظهور و رشد علویان در آناتولی"، مترجم: شهاب ولی، فصلنامه تاریخ اسلام، سال هفتم، پاییز 1385، شماره مسلسل 27

– احمد کامرانی فر، "تکاپوهای نظامی صفویان در راه رسین به قدرت (جنید، حیدر، اسماعیل) "، مجله علمی_ تخصصی تاریخ ایران و اسلام دانشگاه لرستان، شماره 4، زمستان 1387.

– حاجیان پور، حمید (1376)، جنبش مزدکی، مجله کیهان اندیشه، شماره 74.

– رازنهان، محمد حسن؛ بیطرفان، محمد؛ شیردل، تقی (1392)، بررسی و تحلیل مبانی طریقت بکتاشیه، دوفصلنامه علمی- پژوهشنامه ادیان، سال 7، شماره13.

– سید مسعود سیدبنکدار، "بررسی جایگاه و عملکرد تاج قزلباش در تحولات سیاسی دوره صفویه"، فصلنامه علمی پژوهسی شیعه شناسی، سال چهاردهم، شماره 54، زمستان

– شادی، علی سالار(1399)، شیخ جعفر صفوی: شخصیتی مشهور، اما گمنام در سنت صفویان، فصلنامه علمی تاریخ اسلام و ایران دانشگاه الزهرا، سال 3، شماره 45.

– عقیلی، سید احمد (1395)، "تحلیل تاریخی عملکرد قزلباشان قبل و بعد از تشکیل دولت صفوی"، گروه تاریخ دانشگاه سیستان بلوچستان، مجله پژوهش های تاریخی ایران و اسلام، شماره 18.

– قیومی، الهام پور حدیث محمودی(1393)، دکتر سید حسین رئیس السادات، "قزلباشان و نقش ان ها در تشکیل دولت صفوی (دوره شا اسماعیل و شاه طهماسب) "، مجله انجمن علمی گروه تاریخ دانشگاه فردوسی مشهد، شماره 60، تهران.

– یلفانی،رامین (1386)،برآمدن و افول قزلباشان در عصر صفویه، پژوهش نامه تاریخ، دانشگاه آزاد اسلامی واحد علوم تحقیقات، سال دوم، شماره هفتم، تهران.

## ج. بە زمانی تورکی

- KARAKULAK, Merve (2024), XVI.Yüzyılda Amasya′da Kızılbaşlık Hareketlerinin Toplumsal Yansımaları, Türk Kültürü ve hacı baktaş veli Araştirma Dergisi, Sayı 109, Ankara.
- Yıldırım,Cengiz (2024), Şah İsmail Safevî Kızılbaş Devleti Yayınlarılevilik-Bektaşilik Araştırmaları Dergi, Nm.30, Ankara.

## خ. بە زمانی ئینگلیزی -

- **Algar, Hamid (1989), Bektasiya, Encyclopaedia Iranica, Vol. IV, Fasc. 2.**


### 8.3. ماستەرنامەکان


**أ. بە زمانی تورکی**

- Enstitüsü, İlahiyat Anabilim Dalı, İslam Mezhepleri Tarihi Bilim Dal: Istanbul.
- YILDIRIM, Riza (2008), TURKOMANS BETWEEN TWO EMPIRES: THE ORIGINS OF THE QIZILBASH IDENTITY IN ANATOLIA (1447-1514), Ph.D. Dissertation, The Institute of Economics and Social Science, Bilkent University, Department of History, Ankara.
- AKMAN, Elif Gül (2008), Onaltıcı Asır Osmanlı Toplumunda Bellibaşlı Kızılbaş İsyanları, YüksekLisans Tezi, MARMARA Üniversitsi, Sosyal Bilimler Enstitüsü, İlahiyat Anabilim Dalı, İstanbul.

**من الصراع الى السلطة: التحاق القبائل التركمانية بالطريقة الصفوية بين عامي 1453-1488م**

**ئاوێستا فؤاد حسن**
قسم التاريخ, كليةالاداب,جامعة صلاح الدين- أربيل,إقليم كوردستان ,العراق
Awesta.hassan@su.edu.krd
**كامران محمد حاجى**
قسم التاريخ, كليةالاداب,جامعة صلاح الدين- أربيل,إقليم كوردستان ,العراق
kamaran.haji@su.edu.krd

**الملخص**
هذه الدراسة الموسومة ب(التحاق القبائل التركمانية بالطريقة الصفوية بين عامي 1453-1488م)، تُركز على فترة قيادة كل من الشيخ جنيد والشيخ حيدر للطريقة الصفوية. وفي هذا الاطار، تُناقش بالتفصيل دور القيادة الكاريزمية كل من القائدين، في كيفية جمع أتباعهما، على الرغم من حكم كل من القره قوينلو والآق قوينلو كقوتين مؤثرتين في مناطق أذربيجان، إلى جانب وجود قوة مجاورة أخرى، مثل العثمانيين والأوزبك. من ناحية أخرى، تُركزت الدراسة على العوامل وكيفية اتباع القبائل التركمانية المختلفة في آسيا الوسطى لدعوة السلالة الصفوية من جهة، وسعيها لتسييس الطريقة جيش موحد من أتباعها وأنصارها من جهة أخرى. بحيث يصبح هذا الجيش اداة عسكرية قوية ومتماسكة تساند المشروع الصفوي الناشيء.

وفي الختام، تُسلِّط الدراسة الضوء على دور زعيمي الطائفة، الشيخ جنيد والشيخ حيدر، في تمهيد الطريق لتأسيس كيان يتجاوز حدود الزاوية الصفوية في أردبيل. وقد مثَّلت هذه الجهود بداية تحوّل الصفويين من مسار روحي إلى قوة سياسية فاعلة، ممَّا مهد الطريق لظهور الدولة الصفوية كأحد أهم الكيانات السياسية في المنطقة.

**الكلمات المفتاحية:**الشيخ جنيد , الشيخ حيدر, قبائل التركمان, قزلباش, الطريقة الصفوية

**From the Conflict to Power: the Affiliation of the Turkmen Tribes to the Safavid Sect (1453-1488)**

**Awesta Fuad Hassan**
Department of History, College of Arts, Salahaddin University-Erbil, Kurdistan Region, Iraq
Awesta.hassan@su.edu.krd
**Kamaran Muhammad Haji**
Department of History, College of Arts, Salahaddin University-Erbil, Kurdistan Region, Iraq
kamaran.haji@su.edu.krd

**Abstract**
This study, entitled "The Association of Turkmen Tribes with the Safavid Order (1453–1488 CE)", examines the leadership of Sheikh Junayd and Sheikh Haydar, with particular emphasis on their roles and charismatic authority in mobilizing followers. The analysis highlights the extent to which each leader was able to consolidate support, despite the dominance of the Aq Qoyunlu and Qara Qoyunlu confederations as two powerful political forces in Azerbaijan, alongside the presence of formidable regional neighbors such as the Ottomans and the Uzbeks. Furthermore, the research investigates the relationship between the diverse Turkmen tribes of Central Asia and the Safavid movement, considering both their receptivity to the Safavid religious call and their efforts to politicize this affiliation by forming a unified military force composed of Turkmen disciples and adherents.

Ultimately, the study underscores how the leadership of Sheikh Junayd and Sheikh Haydar transformed the Safavid order from a local religious community centered in the Ardabil monastery into the nucleus of an emerging political entity with broader regional aspirations.

**Keywords:** Shaykh Junayd, Shaykh Haydar, Turkmen tribal, Qizilbash, Safavid Tariqa